5/9

بەرەو پیکهینانی حیزبی پیشرەوی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان

گۆمەڵە

ئورگانی ناوەندی کومەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان
ژمارە / ٢ / زستانی ١٩٧٩

لە یادی قارەمانێکی نەمردا

رۆژی ١٩٧٨/١/٣١ فاشیستەکانی عیراق وچلکاوخورەکانیان پەلاماری گوندی تەنگیسەر (قەرەداخ) یان دا. هاوری شاسوار جەلال بەرزنجی (ئارام) کەبەئێشێکی نەهێنی لەوی بو، بەناچاری گوندەکەی بەجێ هێشت و لە ئەنجامی دەسریژی فاشیستەکان دا شەهیدبو. شەهیدبونی هاوری شاسوار، لیپرسراوی کومیتەی هەریمەکانی کەلك و ئەندامی م س - ی ن ك زەرەرێکی گەورە بو لەشورشی کوردستانی عیراق و خەباتی شۆرشگێرانەی گەلانی ناوچەکە کەوت. شەهید شاسوار رۆلەیەکی هەڵکەوتوی گەلەکەمان، تیکۆشەرێکی نەبەزوئازا، شۆرشگێرێکی پشودرێژی پیشەیی، نوسەرێکی پێشکەوتنخواز، پیشمەرگەیەکی دلێرو نەترس، ڕابەرایەکی ژیری کاروباری ڕێکخستن بو.

هاوری شاسوار لە ١٩٤٧ دا لەسلێمانی لەخێزانێکی کرێکاری دا لەدایك بو. کولیجی بازرگانی لەزانکۆی بەغداد تەواوکردو دوای ئەوە بو بە ڕۆژنامەنوس.

هاوری شاسوار هەرلەسەردەمی قوتابیێیەوە بەشداری خەباتی شۆرشگێرانەبو، ئەندامی پ د ك بو، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بو، پاش تەواوکردنی خوێندن ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی کوردستان بو. لەژیانی تایبەتی خوی و لەخەباتی شۆرشگێرانەدا نمونەی ڕوشنبیری تیگەیشتوی زانا و ڕوح وەرزاسوك بو، لەناوقوتابیان، لاوان، کرێکاران، ڕەنجدەران دا لەشارو لەناوپیشمەرگەوجوتیاران دا لەلادی هەمیشە خوشەویست و قسەخوش وخەڵك دوست بو، لەناوخەڵك دا بە هاوری (ئارام) ناسرابو.

هاوری شاسوار هەرلەئەلقەناوکییەکانی سەرەتای دامەزراندنی کومەڵەوە خەریکبو، هەموژیان وتەمەنی خوی بوبلاوکردنەوەی بیروباوەڕی م ل و پاراستنی لەشێواندن، بوجیگیرکردن و پەرەپێدانی کومەڵە تەرخان کردو لەدوایین دا گیانی خوی هەربەوبەخشی، سالی ١٩٧٤ کەشەڕی نێوان میللەتی کوردو ڕەگەزپەرستەکانی عیراق هەڵگیرسایەوە چوەریزی شۆرشەوە. لەدوای ئاشبەتاڵیش هەموهەوڵ وتەقەڵای خوی بوپەرەپێدانی کومەڵەو هەڵماندنەوەی باری گلاوی گەلەکەمان تەرخان کرد. سالی ١٩٧٥ کەریزەکانی کومەڵە بەهوی پەلاماری فاشیستەکانەوە توشی پشێوی بو، کەوتە خەباتی ژیرزەمینیەوە بەسپێکەری ئەو کومیتەی هەریمەکان پێکهات و قوناغێکی نوێ لەژیانی کومەڵەمان دا دەستی پێکرد.

هاوری ئارام دەستێکی بالای هەبولەپێکهێنانی ڕێکخراوەکانی ی ن ك دا، لە پێکهێنانی دەستەچەکدارەکانی سەرەتای شۆرش و لەهەڵگیرساندنەوەی شۆرشی نوێی گەلەکەمان دا وێەکەمین بەیاننامەی ی ن ك کەدەستەی دامەزرێنەری (ولات) مژدەی دەس پێکردنەوەی خەباتی چەکداری بەگەلەکەمان دا ئەو نوسی. یادی هاوری ئارام و ڕەنج وخەبات و خوبەختکردنی لەپێناوی کومەڵە و ی ن ك و شۆرشی گەلەکەمان دا لە نوسینێکی وا پچوك و کەم دا ناگربتەوە. کومەڵەمان بەتەمایە بەم نزیکانە هەمو نوسینەکانی هاوری ئارام چاپ و بڵاو بکاتەوە بەچەشنێك شایستەی یادی قارەمانێکی هەڵکەوتوی نەمری وەکو ئەو بیت.

شاسوار جەلال (ئارام) ناوی و یادی لە دڵی هەمو کوردێکی دڵسوز و هەمو تیکۆشەرێکی شۆرشگێری کوردستان دا تاهەتایە زیندوە....

چەند روانەتیکی نوێ ی
پیلانەکانی دوژمن بۆ بەگژاچونی شۆرشی کوردستانی عیراق
,, ,, ,,

عەرەبەوەو سوپای عیراق بچیتبو رزگارکردنی فەلەستین .

هەول ئەدات کە بزوتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی کوردستان وەکو ری گری بەشدار بونی جدی لە مەسەلە گرنگ و چارەنوسییەکانی عەرەب دا بەتایبەتی مەسەلەی رزگاری فەلەستین و یەکگرتنەوەی عەرەبەکان نیشان بدات .

هەول ئەدات کە جەماوەری زەحمەتکیشی عەرەب ، کریکار ، جوتیار ، رەنجدەرانی تر ، موچەخور و فەرمانبەر ... هەندی جار عەرەبی دەولەتانی عەرەبی تر بەشدار بکاتلەو تاوانە نەتەوەییەی دژی خەلکی کوردستان ئەکریتبو داگیرکردنی کوردستان و بەتالان بردنی سەروەت و سامانەکەی ، بو بەرین و فراوان کردن و بەهیزکردنی هیرشەکەی بو سەر نەتەوەی کورد ... بەم پی یە دوژمن نەخشەی داناوە بو گەمارودانی شورشی کوردستانی عیراق و دابرینی لە گەلی عیراق و گەلانی عەرەب .

- ٤ -

ئەلقەکانی پلانەکەی دوژمن ، بەتایبەتی روالەتە نوی کانی بو تیکدانی ریزەکانی شورش و گەمارودان و دابرینی لە جەماوەری کوردستانی عیراق ، گەلانی عیراق ، گەلانی عەرەب ، گەلانی دنیا و بزوتنەوە شورشگیرییەکانیان خوی لەم هەول و تەقەللایانەدا ئەنوینی .

جا هەروەکو رەگەزپەرستەکانی عیراق بو جی بەجی کردنی پلانەکانیان هەول ئەدەن بەوەی شورش لە ریزەکانی ناوخویەوە تیك بدەن ، لە کومەلانی خەلکی کوردستانی دابرن ، لە کومەلانی عیراق و گەلانی عەرەبی ناوچەکەو بزوتنەوەی شورشگیرانەی گەلانی زور - لیکراوی دا ببرن ، هەر بەهەمان شیوە هەروەکو لەسەر ئاستی میللەتان و بزوتنەوەی شورشگیری و نیشتمانی و داو و دەزگا سیاسیە ناو دەولەتییەکان هەولیان داوە گەماروی بدەن ، هەر بە هەمان شیوە نەخشەو پلانیشیان داناوە بو گەمارودانی لەسەر ئاستی دەولەتان .

رەگەزپەرستەکانی عیراق کە باش سروشتی شورشەکەی کوردستانی عیراق ، ریبازو هەلویستو بیروراکانی ئەناسن ، دوستو هاوپەیمانەکانیان دیاری کردوەو ئەزانن لە دنیای ئەم سەردەمدا بزوتنەوەیەکی رەوا و شورشگیرانەو پیشکەوتنخوازی دژی ئیمپریالیزم ، سەهیونیزم ، کونەپەرستی ئەتوانیت لەناو کامپ و ئوردوگاو توپەلە دەولەت و ریکخراوو بزوتنەوەی شورشگیرانەو رادیکال و چەپی گەورەو بچوك دا .. ئەتوانن دوستو هاوپەیمان ، یارمەتی دەر و لایەنگر پەیدا بکەن ...

جا بویە فاشیستەکانی عیراق کە لە ناوەوەی ولاتئاشکرایە چەند پیشکەوتنخواز ، چەپ ، رادیکال ، سوشیالیستن .. هەولیکی زوریان داوە بو پەل هاویشتن بو ئەو کایەو مەیدانانەی کە رەنگە کورد دەنگی یا دەستیان بیگاتی ، دریخی یان نەکردوە لە بەفیرودانی پارەی بەری رەنج و ئارەق رشتنی رەنجدەرانی عیراق ، لە سەرف کردنی نەوت و سەروەت و سامانی عیراق بو جی بەجی کردنی ئەم مەبەستە .

دریخی یان نەکردوە لە هەول دان بو هاندانی دەولەتە عەرەبییەکان ، ریکخراوە فەلەستینی یەکان ، حیزب و تاقمە عەرەبیەکان ، روژنامەو گوفارو نوسەرەکانیان ، چ بەهەرەشەو گورەشە چ بە گوشارو بەرتیل و چ بە دەم چەورکردن و کرین چ بە شیواندنی روی گەشی بزوتنەوەکە .

دریخی یان نەکردوە لە گوشاری ئابوری (بەتایبەتی بەکارهینانی نەوت) بو بی دەنگکردنی هەندی لە دەولەت و روژنامەکانی ئەو ولاتانە بو کپ کردنی دەنگی شورش و گەمارودانی اعلامی .

دریخی یان نەکردوە لە هاتوچوو دروست کردنی پەیوەندی مجامەلەو ئابوری و سیاسی و فەرهەنگی و سوپایی لەگەل ولاتانی وەکو سوفیەت و چین .

دریخی یان نەکردوە لە گوشاری ئابوری (بەتایبەتی بەکارهینانی نەوت) ، ئینجا بەهیزکردنی پەیوەندی سیاسی و فەرهەنگی فراوان کردنی بازرگانی لەگەل ولاتانی سەرمایەداری و سوشیال دیموکرات .

دریخی یان نەکردوە لە خو نزیك خستنەوە لە هەندی ریکخراوی چەپ و رادیکالی بچوك و

کەم نرخی ئەوروپا بە پیدانی پارەو باندگەیشتنی سەردان ،
دریخی یان نەکردوە لە پیشکەش کردنی بەرتیل و دەم چەور کردن و کرینی نوسەرو روژنامە نوسی قەلەم فروش .
دوژمن هەولیکی زوری داوە بو ماندان و سازدان و کوکردنەوەی دوژمنە دیرینەکانی بزو - تنەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردستان ، بو ماندانی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی ، بو ماندانی دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دژی گەلی کوردستان ...
دوژمن ، بەم جورە هەولی داوە کە شورشی کوردستان لە دنیای دەرەوە دابپریت و گەمارۆی بدات و لەنا و هەر ئوردوگا و دەولەت و ریکخراویك دا ، هەر چی یەك بوبیتناوی شورش و بزو- تنەوەکەی بزرینیت و دەلاقەیەکیان لە نیوان دا دروست بکات بەوەی کە شەری ئیستا هی نیوان میللەتیکی دوا کەوتوی شەرخوازی دژی پیشکەوتن و حکومەتیکی پیشکەوتنخوازی هەولدەری ئاوەدانی و گەشەکردنە .

رژیمی بەعسی " زور سوشیالیست و فرە پیشکەوتنخواز و دژی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی و سەهیونیزم " ئەوەبو خیانەتنامەی جەزایری ۱۹۷۵ ی لەگەل شادا ئیمزا کرد بە دەلالی ئیمپر- یالیزم ، دەس بەرداری بەشیکی زوری خاك و نیشتمانی عیراق و مافی عیراق بو لە شط العرب و مافەکانی گەلی عەرەبی ئیران و بزوتنەوەی شورشگیرانەی گەلانی خلیج و ظفار بو ..
کورتیەکەی هەمو تەماع و مەبەستەکانی ئیرانی هینایەدی هەر بو ئەوەی هاوکاری بکات لە کوژاندنەوەی بزوتنەوەی کوردستان دا ...
دوایی تریش بو ئەوەی رژیمی کونەپەرستی شا هاوکاری لەگەل بکات بو کوژاندنەوەی شورشی کوردستان و تەفروتونا کردنی کورد چ راستەو خو بەوەی لە شورشگیرانی کوردستانی عیراق بدا لە سنورەکان بە (ئەرتەش ، چریك ، ژاندارمری ، ...) و کوکردنەوەی دەنگوباس ، وە چ بە حەوانەوەی جاشەکانی ق م ، چ بە ئازاردان و دورخستنەوەو بلاوە پی کردنی پەنابەرە - کوردەکانی عیراق لە ئیران لە بەرامبەر ئەمەش دا عیراق ، لە گرنگترین قوناغەکانی گوران و گەشەکردنی بزوتنەوەی نیشتمانی ئیران دا ، عیراق ئوپوزسیونی (معارضە) ئیرانی کردە قەفزەوە ، تا کار گەیشتە رادەی دەرکردنی تیکوشەرانی ئیرانی لەوانە ئایەتوللای خومەینی و تەسلیم کردنەوەی هەندیکیان .
بو خو نزیك خستنەوە لە تورکیا ، لە کاتیکا عیراق ئەبو بە نیازی دامەزراندنی بنچینەی ئابوری یەکگرتوی عەرەبی و پیکەوەبەستنی بازارو پروژەو ئەلقەکانی ئابوری عیراق و دەولەتە عەرەبییەکانی تر ، ریگەی گواستنەوەی نەوتی عیراقی لە سوریاوە خستە تورکیا .
کەوتە گریدانی ریکەوتنامەی ئابوری ، بازرگانی ، فەرهەنگی و لەمەدا گەلیك تەنازلی گەورەی ئابوری بو تورکیا کرد کە زیاتر لە مامەلەو بازرگانی بچی لە بەرتیل پیدان و رایی کردن ئەچی بو مەبەستی سیاسی کە دوژمنایەتی کردنی بزوتنەوەی شورشگیرانەی کوردستانە و دواین ریکەوتنی کە ریکەوتنەکەی لەسەر پاراستنی سنورو ئالوگوری هەلاتو ، پەنابەرو ....
ئەمە جگە لەوەی کە هاوکاری تورکیا و کونەپەرستی کورد ، بەپێی ئاموژگاری ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و بە ئاگاداری عیراق ، بو حەوانەوەی چەکدارانی ق م و لە پشتەوە لیدانی شورش ، بو لەناوبردنی ناوکی دەستە چەکدارەکانی بادینان (۱۹۷٦) ، وە دوایی تر ئەو هاوکاریە فراوان و بەرین و ئاشکرایەی فاشیستییەکانی تورك لەگەل کاربەدەستانی عیراق و کونەپەر- ستانی کورد ، بەتایبەتی ق م ، یان کرد بو شکاندنی حەملە بەهاریەکەی پیشمەرگەی کورد- ستان کە چوبون بو هینانی تفاق و پیویستی شورش و هەلگیرساندنی شورش لە بادینان ...
رژیم و حیزبی بەعسی سوریا کە ناکوکی قولی چەند لایەنی لەگەل رژیم و حیزبی بەعسی عیراق هەیەو عیراق بە چەندین ریگەی پیلان گیرانی سوپایی ، کوشتن و تیرور ، برینی هیلی گواستنەوەی نەوت و گەلیك سەرچاوەی تری دەرامەتی سوریا ... لە کاتیکا کە ناکوکییەکانیان گەیشتبوە رادەیەك هەموشتیکی ناشیرینیان بە یەکتری ئەگوت ، کەچی لە پر ئەم دوژ- منایەتییە توندو تیژەیان گوری بە دوستایەتییەکی ئەوتو کە گەیشتە رادەی هەولدانی یەکیتی

- ۲ -

هەول ئەدات شورش و بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان لە ناوەوە تیك بدات و ئاژاوە لەنا و ریزەکانی شورش دا بنیتەوە ، کەلك لە کەم و کوری و ناکوکییەکانی ناو ریزەکانی شورش ، ناو ریزەکانی شورش و گەل وەوبگریت ، ریگەو شوینی راست و دروستی چارەسەرکردنی چەشنی جیاوازی ناکوکییە جیاوازەکان ئالوگور بکات و هی دوستانە بکاتە دوژمنانەو هی دوژمنانە بکاتە دوستانەو جی گورکی بکات بەشوینی ناکوکییەکان ، ئالوگوربکات بە چونایەتی ناکوکییەکانی ، ئالوگور بکات بە جوری چارەسەرکردنی ناکوکییەکان .

هەول ئەدات ریزەکانی هیزە شورشگیرو پیشکەوتنخوازو کورد پەروەرو مارکسی - لینینی یەکان تیك بدات ، هەول ئەدات خیل و هوزو تیرەکان بکات بەگژ یەکدا ، ناکوکییەکانیان بتەقینیتەوە و سود لە رارایی و ماندوبونی هەندیکیان و رەقی و توندرەوی هەندیکی تریان وەربگریت .

هەول ئەدات کە لەباتی ئەوەی بەناوی جاشی ریسوا و سوك و بی نرخەوە هیزی چەکدار لە - خائینانی کورد پیك بهینی ، بەناوی پیروزی پیشمەرگەو شورشەوە دەستەو تاقمی چەکدار پیکەوە بنی ، خەلکی نزم و رۆخاو و بەزیوی ناو شورشەکە بکری و بەناوی پیشمەرگەیەتییەوە لەناو کومەلانی خەلك دا رەفتاری ناشورشگیرانەو خراپ بکەن ، راوو روت بکەن ، ئازاری خەلك بدەن دانیشتوانی دیهات بیزار بکەن و لە بابەتی " بەتالیونی پینجەم " ی چەکدار بە نهینی لەناو هیزەکانی شورش دا سازبدا بو زراندنی ناوی پیشمەرگەو شورش و دروستکردنی بەرەلایی و ئاژاوە و پشیوی و بەکارهینانیان لە کاتی پیویست دا .

هەول ئەدات بو ئەوەی چەك لە کوردستان دا نەهیلیت ، بو ئەوەی باوەری کومەلانی خەلك بە شورش کزو لاواز بکات ، پولیس و نوکەرو چلکاوخور بخزینیتە ناو ریزەکانی هیزی پیشمەرگەوە ، تاوەکو ماوەیەك بمینندەوەو دوایی بگەزینەوە باوەشی دوژمن پاش ئەوەی زانیاری لەسەر پیشمەرگەو جوری چەك و چالاکی و دوستەکانیان کوئەکەنەوە ، بری لە ناوباندگی شورش ئەشیوینن ، ئینجا چەندچەکیکی شاردراوەی ناو کوردستان ئەبەنەوە بو دوژمن و کەمی ئەکەنسلەوە ، وە باوەرو متمانەی گەلیش بە هیزە چەکدارەکانی خوی کز ئەکەن .

بەم پییە دوژمن نەخشە دائەنی کە لەناو قولایی شورشەوە پەلاماری شورش بدات ، و لەناو ریزەکانی خویەوە پیلانی لی بگیری و کزی بکات ...

- ۳ -

دوژمن هەول ئەدات کە مەسەلەی لەناوبردنی کوردو کوردستان بخاتە قالبی ئەوەوە کەشەری ئیستا ، شەری نیوان هەولی بەرەو پیشەوەبردنی میللەتی دواکەوتوی کورد و ئاوەدان کردنەوەی خاکی بەجی ماوی کوردستانە لەلایەك ، وە لەلایەکی ترەوە بەرگری تاقمیکی دواکەوتوی دوژمنی پیشکەوتن و ژیانی هاوچەرخ و ئاوەدانییە شەری نیوان نەتەوایەتی عەرەبی "پیشکەوتنخواز و پیشرەو " و نەتەوایەتی کوردی " کونەپەرست و بەجی ماو " ە ... شەری میللەتیکە کە هەرحەزی لە ئاژاوەو پشیوی و بەربەرەکانی داوو دەزگای ئیداری و بەریوەبردن و پیشکەوتن و یاسایەو شەیدای کوشتن و برین و یاخی بون و هەژاری و برسیتی و شاخەو شاخ کردنەوە ، شەری میللەتیکە کە بە فیتی بیگانەو ئیمپریالیزم و دوژمنانی عەرەب ئەیەوی ریگە لە - پیشکەوتن و یەکگرتنەوەی عەرەب و ئارام و ئاسایشی ناو عیراق بگری تا نەیەرژیتە سەر پیشخستنی ئابوری ، کومەلایەتی ، فەرهەنگی ...

هەول ئەدات کە دەری بخات شورشی کوردستان و باری ناسایی ولاتنایەلیت ئازادییە دیموکراتییەکان بەرەللا بکرین و گەلی عیراقی تامەزروی ئازادی و سەربەستی بە مافەکانی خوی شاد ببیت . و بەناوی ساختەی " ئەنجومەنی گەل " و " جەبهەی وطنی و تقدمی " درو و هەندی پروژەی ئابوری و " اصلاحات " لە ژیانی کریکارو جوتیارو خەلکی ناو شارداو دەلاقەیەك لەنیوان بزوتنەوەی کورد و گەلی عیراق دا دروست بکات .

هەول ئەدات کە دەری بخات خەلکی کوردستان و شورشەکەی نایەلن ، هیزو توانا و ئیمکانیاتی جەنگی ، سوپایی ، مالی ، بەشەری ، اعلامی عیراق بخریتە خزمەتی شەری چارەنوسی

شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن دا لەروی ستراتیجەوە مایە پوچ و پلانەکانی ژیرئەکەون ، چارەنوسەکەی هەرشکان و لەناوچون ئەبیت و بەزەرەری خوی ئەگەریتەوە ، بەڵام لە بازی ئیستا دا خاوەنی هیزو توانایە ، نەخشەکانی ئەگەر نەدوزرینەوەو دیاری نەکرین ، شی نەکرینەوە ، هەڵنەسەنگینرین و لیبان نەکولریتەوە لە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکیی ریسوا نەکرین و ری و شوینی شکاندنیان دانەنریت لەوانەیە زەرەری گەورە لە گەل و شورشەکەی بدەن .

× × ×

دوژمن جگە لەوەی کە بە ریگەی پەلاماردانی سوپایی بو گرتن و لەناوبردنی هێزەکانی پێشمەرگەو بە ریگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ بو دوزینەوەو گرتن و ئیعدامی تیکوشەران و شورشگیران هەوڵی کزکردن و لەناوبردنی شورشەکە ئەدات پلانیکی فراوان و گەورەی داناوە کە ئەبیت روالەتە نوێکانی ، پانی و فراوانییەکی دیاری بکریت ، لق و پوپ و ئەڵقەکانی بدوزینەوە ، داو و گرێکانی ئاشکرا کەین . لیرەدا هەوڵ ئەدریت کە هەندی لە بەش و ئەڵقەکانی ئەو پلانە بەتایبەتی روالەتە نوێکانی شی بکرێتەوە و دەربخریت و هەوڵی تێگەیشتن و ناسینیان بدریت ، هەوڵ بدری پلانی بەرامبەریی بو تێکشکاندنی پلانی دوژمنەکان و گەشەپیدانی شورش و نزیک خستنەوەی رۆژی سەرکەوتنی دابنریت .

- ۱ -

رەگەزپەرستەکانی عیراق کە زیرەک ترن لە رەگەزپەرستەکانی تورکیا و ئیران و سوریا ، لەباتی ئەوەی ئینکارکردنی بونی نەتەوایەتی کورد بکەنە بنچینەی سیاسەتی لەناوبردنی کورد و کوردستان ، ئەمان دانیان بەهەبونی نەتەوەی کورد و مافە نەتەوایەتیەکانی دا کردوتە بنچینەی سیاسەتی لەناوبردنی کورد و کوردستان ، لە باتی پەلاماردانی بی پێچ و پەنا و راستەوخو و ئاشکرا و هەوڵدانی شیوە کون بو تێکدان و لەناوبردنی نەتەوەی کورد و بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان ، ریگەی لابەلاو لە پشتەوە بو هاتن و ئابلوقە دانیان گرتوتەبەر .

دوژمن هەوڵ ئەدات بەناوی دانانەوە بە مافی نەتەوایەتی و دیموکراتی گەلی کوردەوە ، لە ریگەی شیواندنی مافەکانییەوە ، دامەزراندنی داو و دەزگای ساختەی وەکو ئوتونومی ، گوری زانیاری ، زانستگای سلەیمانی ، یەکیتی نوسەران ، قوتابیان ، ئافرەتان ، نەقابەو رۆژنامەو گۆفارەوە گەلی کورد بی بەش بکات لە شادبون لە مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی بەو جورە لەناوی ببات و تەفروتونای بکات .

هەوڵ ئەدات بەناوئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پێشخستنی دیهاتی هەژارو دواکەوتوی کوردستانەوە ، خاکی کوردستان ویران و داگیر بکات خەڵکەکەی رابگوێزیت و دەربەدەر بکات ، ئابوورییەکەی بروخێنیت ، برسی و هەژارو لاتیان بخات ، ناچاریان بکات بچنە بازارەکانی کاری ناوەڕاست و خوارووی عیراق بە شوین نان و کاردا بگەرین ، وە لە هەمان کاتیش دا هەوڵ ئەدات بو دابرینی بزوتنەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستانی عیراق بەوەی پەیوەندی راستەقینەی خائینانەو " پارەیی " و بەناو دوستانە لەگەڵ داو و دەزگای هەندی لە پارچەکانی تری کوردستان دا دروست بکات بەم پێیە :

هەوڵ ئەدات لەلایەک : بوشایەکی جوگرافی - زەمینی لە نیوان کوردستانی عیراق و خەڵکەکەی دا ، وە لە نیوان پارچەکانی تری کوردستان و خەڵکەکەی دا دروست بکات .

وە لەلایەکی ترەوە : بوشایەکی سیاسی - ئایدیولوجی لە نیوان هێزە شورشگێرەکانی کوردستانی عیراق و داو و دەزگاکانی تری کوردستانی گەورەدا دروست بکات ... بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستان لە پێویستییەکی گەورەو بریاردەری خوی کە قۆناغێیە ستراتیجی یەکەیەتی ، کە کوردستانی گەورەو هەمو نەتەوەی کوردە هەیە بی بەش بکات . بەم پێیە نەخشە دائەنی بو ئەوەی کوردستانی عیراق و شورشەکەی لەسەر ئاستی کوردستان گەمارو بدات .

دەولەت و حیزب و پیشان دانی ئامادەیی هەمو جورە تەنازل و خونزیك خستنەوەیەك .
ئەمەش هەمو نەك لەبەر دلسوزی بو عەرەب و بە نیازی یەکخستنی خەبات و رەنج و تەقەللای عەرەب دژی سەهیونیزم و ئیمپریالیزم ، یا لەبەر دل سوتان بە وەزعی فەلەستینییەکان و بەرهەلستی پیلانی کامپ دەیفید ، بەلکو بەزوری لەبەر ئەوەی سوریا بەگشتی هەلویستیکی دیاریکراوی لە مەسەلەی رژیم و حیزبی بەعسی عیراق هەیە ، هەروەها هەلویستیشی لەو شورشەی کە لە کوردستانی عیراق دا هەلگیرساوە جیاوازە لە هی دەولەتەکانی تر ...
بەم پییە دوژمن ، نەخشەی داناوە بو کوکردنەوەی حکومەتەکانی دەوروپشتی کوردستان و هاندانیان دژی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کوردستان ، بو گەمارودانی شورشەکە لەسەر ئاستی ناوچەکە لە لایەن دەولەتانی ناوچەکەوە کە هەریەکە بە جوریك پەیوەندی یان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە بەناوی ئەوەوە کە مەسەلەی کورد ، وەکو نەتەوەیەکی جیاوازی دا بەشکراوی خاوەن ئامانج و ئاواتی تایبەتی خوی لە دوا شیکردنەوەدا ئەبیتە هوی مەترسی بو هەمو لایەکیان .

- ٦ -

رەگەزپەرستانی عیراق ، زور چاك گرنگی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردستان ، ئەهمیەتی میژویی پاشەروژی ، سەروەت و سامانەکەی ، قورسایی سیاسی و عەسکەری و ستراتیجی و بەشەری لە تەرازوی هیزەکانی گەلانی ناوچەکەدا هەلئەسەنگینن ،
هەروەها زور چاك ئەهمیەتی ئەو پشتیوانی و قولاییە ستراتیجییەی هەر بالیکی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کوردستان دەرك ئەکات لەیەك پارچەی کوردستان دا ئەتوانی لە پارچەکانی ترا کە لە پاشە روژاچ بو پیکەوە گری دانەوەی بالەکانی خوی و زیاد بونی قورساییەکەی لە هەلتەکاندنی بنکەکانی ئیمپریالیزم و کونەپەرستی و فاشیزم لە ناوچەکەدا وە لە گورینی نەخشەی روژهەلاتی ناوەراست دا ، وە هەروەها لە کوکردنەوەی جوگا شورشگیرییە جیا جیاکانی خەباتی گەلانی ناوچەکە لە روباری شورشیکی مەزنی " روژهەلات تاوین " دا دژی ئیمپریالیزم ، سەهیونیزم ، فاشیزم و کونەپەرستی ... لە پیناوی روژهەلاتیکی نوی ی سوشیالیستی بی چەوسانەوەدا بگیری هەر لەبەر ئەوە دوژمن هەولی دا یەکیتی میژویی ، جوغرافی ، کومەلایەتی ، فەرهەنگی ئابوری .. نەتەوەی کورد تیك بدات و سەرانسەری ناوچەکانی سنوری بە قولایی ٢٠ - ٣٠ کم چوارگوشە لە مروف و ئاوەدانی و پیویستییەکانی ژیان چول کردوە و وە ئیستاش هەول ئەدات بەشیکی تری ئەم پلانەی کە بە نیازی گەمارودانی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردستان لەسەر ئاستی نەتەوایەتی کورد ، لەسەر بنچینەی دروست کردنی بوشایی جوغرافی ، فەرهەنگی ، ئابوری ، کومەلایەتی ... ئینجا دروست کردنی بوشایی سیاسی لەنیوان کوردستانی عیراق و پارچەکانی تری کوردستان دا بنیات بنیت .
دوژمن هەول ئەدا شورشی کوردستانی عیراق لە قەلای ستراتیجی خوی بی بەش بکات ، لە هیزو توانای نەتەوەکەی خوی لە پارچەکانی تری کوردستان دا دای ببریت .
هەول ئەدا لە ریگەی بەکارهینان و بەگەر خستنی هەندی لە نوکەرە خومالی یە خائین و ئەلقە لە گوی کانی خویەوە ، بە تایبەتی ئەوانەی عیراق دەس وەربداتە کاروباری پارچەکانی تری کوردستانەوە ، هەندی کەسیان لی بکریت ، هەندی داوو دەزگاو تاقم و ریکخراویان بەلای خوی دا رابکیشیت .. جا لەوانەی بو ئەم کارە دەس بدەن و شتی وەهایان پی بکریت نامەخوا کەم نین بەتایبەتی لە ریزی ئەو کوردانەدا کە چەندین سالە لە نیشتمانی خویان هەلهاتون و لەباتی ئەوەی " شورشگیری پیشەیی " بن بونەتە " سیاسەت بازی پیشەیی " و بازرگانی بە کوردایەتییەوە ئەکەن و خەلك گوتەنی بە " نانی سیاسی " ئەژین .
دوژمن هەول ئەدات ئەم هەول و تەقەللایەی خوی بخاتە چوارچیوەیەکی فەلسەفی و سیاسییەوە ، لە کاتیکا مافی نەتەوایەتی کورد بەدەم ئەسەلمینی و بە کردەوە هەولی لەناوبردنی کورد ئەدات . هەروەها لە کاتیکا هەولی تیکدانی یەکیتی نەتەوەی کوردیش ئەدا ، هەول ئەدا خوی وەکو دوست و پشتیوانی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردستان لە پارچەکانی تری دەرەوەی عیراق دا دەربخات .

دوژمن هەول ئەدا سود لە ناکوکییە جزئی و دوستانەکانی ناو بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان وەربگری، بو لە بەر یەك هەلوەشاندن و لەیەك ترازاندنیان،

هەول ئەدا بلاوی بکاتەوە کە شورشی کوردستانی عیراق دوای ئەوەی دەیان سال درێژەی کێشا، هەر لە سەردەمی بنەمالەی پاشایەتی هاشمییەوە، تا سەردەمی جمهوری و بنەمالەی تکریتی- یەکان لە عیراق دا نەیتوانیوەو ناتوانی سەرکەوتن بەدەس بهێنیت چونکە ئەگەر چی هەلومەرجی زاتیشی لەبار بیت، هەلومەرجی مەوزوعی لەبار نییە!

هەول ئەدات کە بلاوی بکاتەوە کاربەدەستانی عیراق تەنیا دەولەتن مافی کوردیان سەلماند- وەو ئامادەن گەشەی پی بدەن و دوستایەتی نەتەوەی کورد بکەن، بەلام کوردەکانی عیراق شەر خوازو پشێوی دوست و سەرچل و دەسکەلای ئیمپریالیزم و بیگانەن.

هەول ئەدات کە بلاوی بکاتەوە کەوا هەبونی شورش لە کوردستانی عیراق دا، ری گری هەلگیر- سانی شورشە لە پارچەکانی تری کوردستان دا کە هەلومەرجی مەوزوعی لەبارترە بو سەرکەوتنی.

هەول ئەدا بلاوی بکاتەوە کە شورشی کوردستانی عیراق بوتە ری گری کەلك وەرگرتن ولەکیس دانی فرسەتی سود وەرگرتن لە یارمەتی کاربەدەستانی عیراق بو شورشگیرانی تری کوردستان لە ولاتەکانی خویان دا.

بەم پێیە دوژمن نەخشە دائەنێت بو گەمارودانی شورشی کوردستانی عیراق و بزوتنەوەی- رزگاریی نەتەوەیی کوردستان، لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە کە گوایە ئەم ری گری گەشەکردن و یارمەتی دانی شورش و سەرانسەری کوردستانە.

لەپاش تێپەربونی دوو سال و نیو زیاتر بەسەر دەس پێکردنەوەی سەرلەنوێی شورشی کورد- ستان دا راستە هێشتا ناهاوتایی هەیە لە تەرازوی هێزەکانی شورشی کوردستانی عیراق و رژیمی فاشیستی عیراق دا،

راستە هێشتا ناهاوسەنگی لەیەك نەچون هەیە لە نێوان دا، شورش هێشتا نەیتوانیوە- سەرکەوتنی کاریگەرو بریاردەر بەدەس بهێنی و دوژمن لەو پلان و نەخشانەدا دای ناون، لەو ملمالانێیەدا کە لە نێوان شورش و دوژمنانی شورش دایە، هەندێ جار، لە هەندێ مەیدان دا، لەهەندێ شوێن دا، هەندیك سەرکەوتنی بەدەس هیناوە، بەلام ئەم سەرکەوتنانە وەختی، بێ بناغە، مایەپوچ و روکەش بون و کاری گرنگ و کاریگەریان نەکردوتە سەر رەوتی گشتی بەرەو پێشەوە چوی شورشەکە.

دوا حسابی زەرەرو قازانج، ژیرکەوتن و سەرکەوتن، گلان و هەلسانەوەکان، جێ بەجێ بون و جێ بەجێ نەبونی پلان و نەخشەکانی دوژمن بە قازانجی شورشی کوردستان بوەو بە زەرەری دوژمنەکانی.

راستە دوژمن توانیویەتی لە کوردستانی عیراق دا سەدان کوردی خائین بکڕی و کوبکاتەوە، بەناوی جاشی ئاشکراوە، بەناوی جاشی نهێنی، بەناوی ریکخراوو حیزبی کارتونی و داوو دەزگای ئوتونومی ساختەوە، بەناوی کاربەدەست و وەزیرو فەرمانبەرەوە ... بەلام ئەمانە نەك نەیان توانیوە شورشی کوردستانی عیراق لە خەلکی عیراق دابڕن و بەس بەلکو لەنەختیك "چلکی دەست" و لەعنەت و نەفرینی کومەلانی خەلکی کوردستان زیاتر هیچی تریان بەدەس- نەهیناوەو ئەمانە خویان لە خەلك دابڕیوەو جیا کردوتەوە بەمە زیاتر سوك و بێ نرخ و ریسوا بون.

دوژمن راستە توانیویەتی سەرانسەری سنوری کوردستانی عیراق - ئیران، تورکیا، سوریا بە قولایی ۲۰ - ۳۰ کم چول و ویران بکات، دەیان هەزار خێزانی کورد بخزینێتە ئوردوگای زورە ملێی دەور گیراوەوە تا برسی و هەژارو دەربەدەریان بکات، بەلام لەلایەك بەمەرق و تورەبون و غەزەبی کومەلانی خەلك و گیانی شورشگێریتی و بەرگری زیاتر تیدا وروژاندون و لەلایەکی تریشەوە روی دزێوی رەگەزپەرستانەی خوی زیاتر بو دەرخستون.

راستە دوژمن توانیویەتی هەندێ جار سود لە کەموکوریەکانی شورش، لە هەلەو ناریکییە- کانی، لە ناکوکی و ناسازییەکانی، وەربگرێت، توانیویەتی کەسانی بوودەلەو بێ کەلك و بەزیو و قانزاج ویست بکڕێت، ئاژاوەو پشێوی بنێتەوە خەلکی وای تی بخزینێ لەناوەوە - زەرەر بدەن و خەلکی وای لی بکاتەوە زەرەر بگەیەنێت.. بەلام بەمە شورش ریزەکانی خاوێنتر

بوته‌وه ، به‌هیزتر بوه ، یه‌کگرتوترو پته‌وتر بوه ، کومه‌لانی خه‌لك هیزو تاقم و که‌سه دلسوزو خوگرو شورشگیر و فیداکار ، وه هیزو تاقم و که‌سه هه‌ل په‌رست و را را و خوپه‌رست و ترسنوکه‌کانی چاکتر ناسیوه .

راسته دوژمن توانیویه‌تی داوو ده‌زگای ساخته‌و "جبهه‌ی تقدمی وطنی" و ئوتونومی و چه‌ندین حیزب و ریکخراوی کارتونی دروست بکات ، به‌لام ئه‌مانه بون به گالته‌چی خه‌لك و ، میلله‌ت‌ـه‌کو داوو ده‌زگای جاسوسی سه‌یری ئه‌که‌ن نه‌ك وه‌کو ریکخراوو داوو ده‌زگای جه‌ماوه‌ری ...

دوژمن راسته توانیویه‌تی هیزه‌چه‌کداره‌کانی عیراق ، که زوربه‌ی له عه‌ره‌ب پیکهاتـــوه بهینی بو شه‌ری کوردستان ، هه‌زاران خیزانی عه‌ره‌بی جوتیارو کریکارو موچه‌خوری هیناوه‌تـه کوردستانه‌وه‌و له شوینی کورد نیشته‌جیی کردون و ، هه‌زاران کوردی برسی و روت و رەجالـی ئاواره‌ی ناوه‌راست و خواروی عیراق کردوه ... به‌لام به‌مه نه‌ك هه‌ر نه‌یتوانیوه جه‌ماوه‌ری‌ـه‌ره‌ب له‌م خیانه‌ته نه‌ته‌وه‌ییه و له‌م تاوانه گه‌وره‌یه‌دا دژی گه‌لی کورد بکاته هاوبه‌ش و شه‌ریکی خوی ، به‌لکو عه‌ره‌بی دور خراوه‌شی وا لیکردوه زیاتر هه‌ست به زولم و زورو چه‌وساندنه‌وه‌و ئازاردان بکات ، هه‌ستی خو به بیگانه‌دانان خو به داگیرکه‌ر زانینی تیدا زیاتربیت و گیانی هاوخه‌باتی و هاوده‌ردی له‌گه‌ل لیقه‌وماوانی کوردستان دا و گیانی دوژمنایه‌تی رژیمی ره‌گه‌زپه‌رستی عیراقی تیدا زیاتر ببیت .

راسته دوژمن توانیویه‌تی په‌یوه‌ندی بازرگانی ، ئابوری ، دبلوماسی ، سیاسی ... هاتوچوو هه‌للاو بگر له‌گه‌ل ده‌وله‌تانی ده‌ره‌وه دروست بکات ، توانیویه‌تی هه‌ندی روژنامه‌نوس و قه‌له‌م فروش بکری ، دروو ده‌له‌سه‌و پروپاگه‌نده بلاوبکاته‌وه به‌لام له هه‌موی‌دا به‌درو که‌وتوته‌وه و ما فندگی و مایه پوچ بوه ، نه‌یتوانیوه روی‌ساخته چی یانه ، سروشتی فاشیستیانه‌ی‌خوی ، ره‌فتاری‌شوفینی و ره‌گه‌زپه‌رستانه‌ی‌خوی له گه‌لانی دنیا بشاریته‌وه .

راسته دوژمن توانیویه‌تی ده‌وله‌تانی دراوسی‌ی رابکیشیت بو کوری‌هاوکاری و پیکه‌وه کارکردن دژی‌شورشی کوردستان و له هه‌ندی‌کات و کایه‌دا ، به هاوکاری یه‌کتری توانیویانه زیانی گه‌وره له شورش بده‌ن ، به‌لام به‌مه روی راسته‌قینه‌ی رژیم ، دروو ده‌له‌سه شورشگیرییه‌کانیان له‌ناو گه‌لانی ناوچه‌که‌دا به‌ته‌واوی ده‌رکه‌وتوه‌و گه‌لی کوردستان و گه‌لانی تری ناوچه‌که دوستان و دوژمنانی خویان چاکتر ناسیوه ..

راسته دوژمن توانیویه‌تی چه‌ند که‌س و تاقمیك له کورده‌کانی سوریا ، ئیران ، لوبنان و تورکیا بکریت به ناوی کوردایه‌تییه‌وه بو نه‌ختی چلکی ده‌ست‌هه‌ندیکیان بکا به‌گژ بزوتنه‌وه‌ی رزگاری نیشتمانی کوردستانی عیراق دا و هه‌ندیکیان وا لی بکات هه‌لویستی سه‌لبی و نادوستانه وه‌ربگرن ، یا مات و بی ده‌نگ‌بن له ئاست‌ئه‌و مه‌ینه‌تییه نه‌ته‌وایه‌تییه گه‌وره‌یه‌ی به‌سه‌ر کوردستانی عیراق دا بیت ، به‌لام ئه‌مانه به‌مه نه‌ك هیچ شانازی و سه‌روه‌ری یه‌کیان بوخویان به ده‌س نه‌هیناوه ، به‌لکو نرخ و بایه‌خیان له‌ناو نه‌ته‌وه‌ی کورد ا هاتوته‌خواری و وه‌کو چلکاوخوری ره‌زیل و ریسوا سه‌یر ئه‌کرین .

نه‌ته‌وه‌ی کورد ، له ئه‌نجامی تەجروبه‌ی قه‌رنیك خه‌بات و فیداکاری و شورش دا ، له‌ئه‌نجامی ره‌فتار کردن له‌گه‌ل چه‌ندین ده‌وله‌ت و هیزی گه‌وره‌و پچوکی دنیا دا ، دوست و دوژمنی خوی ناسیوه‌و ئه‌زانیت که داگیرکه‌رانی پارچه‌یه‌کی کوردستان ناتوانن ببنه دوست و پشتیوانـی بزوتنه‌وه‌ی رزگاری پارچه‌یه‌کی تری کوردستان ، قه‌لاو پشت و په‌نای کوردی پارچه‌یه‌کی دیار یکراو ، ده‌وله‌ته داگیرکه‌ره‌کانی کوردستانی ده‌ورو پشتی نییه ، به‌لکو نه‌ته‌وه‌ی کورد قه‌لای له شکان نه‌هاتوی بزوتنه‌وه‌که‌و پشتیوانی بی ته‌ماع و مه‌به‌ستی شورشه‌که‌یه‌تی .

هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌وانه‌ی ریگای که‌لك وه‌رگرتن له ناکوکییه‌کانی نیوان ده‌وله‌ته‌کانی ناوچه‌که ئه‌گرنه به‌رو ئه‌یکه‌نه بنچینه‌ی پاساودانی تیوری‌خوفروشتن و ده‌س تیکه‌لاو کردن جگه له سوکی و ریسوای و خو دابزین له بزوتنه‌وه‌ی رزگاری نیشتمانی کوردستان و "نه‌ختیك پاره‌و پول" زیاتر هیچی تریان به نسیب نه‌بوه .

شورش ، سه‌ره‌رای پیلانه‌کانی دوژمن بو تیکدانی ریزه‌کانی ناوه‌وه‌ی و هه‌لگیرساندنی ئاژاوه‌و پشیوی له ریزه‌کانیا و ته‌قاندنی ناکوکییه سروشتی و دوستانه‌کانی ، تادیت به‌هیزتـــر

ئه‌بیت ، ریبازه‌که‌ی له‌روی سیاسی ، فیکری ، پیشمه‌رگه‌ییه‌وه زیاتر ئه‌چه‌سپیت و جیگیر ئه‌بیت ، ریزه‌کانی پاك ئه‌بیته‌وه‌و پته‌وو مه‌حکه‌م و به‌هیز ئه‌بیت ، ره‌گ‌و ریشه له‌ناو کومه‌لانی‌خه‌لك دا دائه‌کوتیت ، په‌لوپو ئه‌ها ویژیت ، شه‌وق و روناکییه‌که‌ی پرشنگ‌ئه‌داته‌وه ، په‌ره ئه‌سینی‌و له‌سه‌ر ئاستی کوردستان ، عیراق ، روژهه‌لاتی ناوه‌راست‌و دنیا زیاتر روی گه‌ش و روناکی ئه‌ده‌وشیته‌وه و دوست‌و هاوپه‌یمان په‌یدا ئه‌کات- پیلانه‌کانی دوژمن ژیرئه‌که‌ویت‌و نه‌خشه‌کانی ئه‌بیته بلقی سه‌ر ئاو .

مه‌سه‌له‌ی کورد ، مه‌سه‌له‌یه‌کی ره‌وایه ، مه‌سه‌له‌یه‌کی میژوکردی بابه‌تییه ، ده‌س کردی تاقم‌و لای ناوه‌کی و بیگانه نییه ، به‌لکو ره‌گوریشه‌ی ئابوری ، کومه‌لایه‌تی ، سیاسی ، فه‌رهه‌نگی هه‌یه به چاری نیوه‌و نیوه‌چل لابه‌لا ناکریت ...

مه‌سه‌له‌ی کورد ، مه‌سه‌له‌ی میلله‌تیکه هوشیاربوته‌وه‌و راپه‌ریوه‌و بریاری داوه مافه‌کانی بسینیته‌وه .. له‌به‌ر ئه‌وه تا ئامانجه‌کانی نه‌یه‌ته‌دی ، ره‌نگه له زوران بازی و ململانی‌ی نیوان ئه‌م و دوژمنه‌کانی دا هه‌ندی‌جار دوژمن بتوانیت به‌شیکی پیلانه‌کانی خوی سه‌باره‌ت به کەم و کوری و ناته‌واویه‌کانی هه‌لومه‌رجه‌کانی دریژه‌پیدان و سه‌رکه‌وتنی شورش ، یاخود سه‌باره‌ت به ناهاوتایی ته‌رازوی هیزه‌کانی شورش و دوژمنه‌کانی جاروبارجی به‌جی بکات به‌لام هه‌رگیز ناتوانی هه‌مو پیلانه‌کانی جی به‌جی بکات گه‌له‌که‌مان و شورشه‌که‌ی له‌ناو ببات .

ده‌رکه‌وتنی روالەتی نوی له‌و پیلانانه‌دا که دوژمن بو شکاندنی شورش دای ئه‌نیت به‌کارهینانی شیوه‌ی نوی و ریگه‌ی نوی بو به‌ره‌نگاری شورش‌خوی له خویا نیشانه‌ی ده‌رکه‌وتنی روالەتی نوی‌یه له شورش‌دا و نیشانه‌ی فراوان بونی ئاسوکه‌ی و زیاتر بلاوبونه‌وه‌ی پرشنگه ورشه‌داره‌کانیتی ، نیشانه‌ی ده‌س پیکردنی قوناغیکی نوی و بالاتری شورشی پیروزی گه‌له‌که‌مانه ، که هه‌نگاوی‌تر له روژی سه‌رکه‌وتنی یه‌کجاری نزیکی ئه‌خاته‌وه .

۱۹۷۹ / ۱ / ۱ جوامیر

× × × ×

ئازادی بو تیکوشه‌رانی کوردستان

ئه‌ی ئازادیخوازانی کوردستان!

ئه‌ی ئازادیخوازانی دنیا ! وا شه‌ش مانگ‌زیاتره تیکوشه‌رانی گه‌له‌که‌مان هه‌فالان:

× عه‌لی عه‌سکه‌ری ، خالید سه‌عید ، حسین بابه شیخ یه‌زیدی

له‌سه‌ر بیروباوه‌ری پیشکه‌وتنخوازانه‌یان له لایه‌ن چه‌کداره‌کانی ق م له تورکیا گیراون و بی سه‌رو شوین بزر کراون ...

وا شه‌ش مانگ‌زیاتره تیکوشه‌رانی گه‌له‌که‌مان هه‌فالان :

× تاهیر عه‌لی والی ، ئازاد عه‌بدولمه‌جید هه‌ورامی ، مه‌حمود عبدولره‌حمان ، حامید حاجی غالی ، عه‌لی ئه‌حمه‌د شیعه ، فوئاد عومه‌ر چه‌له‌بی

له‌سه‌ر بیروباوه‌ری پیشکه‌وتنخوازانه‌یان له لایه‌ن چه‌کداره‌کانی ق م له تورکیا گیراون‌و به خراپترین شیوه ره‌فتاریان له‌گه‌ل ئه‌کریت ...

با هه‌مو لایه‌کمان هه‌ول بده‌ین ئه‌م روله دلسوزانه‌ی کوردستان له مردن ، له دیلی و ئیهانه کردن رزگار بکه‌ین و تاقمی ق م ناچار بکه‌ین ئازادیان بکه‌ن و بگه‌رینه‌وه‌کوری خه‌باتی شورشگیرانه ...

ته‌نها تاوانی ئه‌م تیکوشه‌رانه دلسوزییه بو کورد و کوردستان و شورشه پیروزه‌که‌ی ، به‌شداریی کردنی ئازایانه‌یه له خه‌باتی شورشگیرانه‌و چالاکییه‌کانی پیشمه‌رگه‌دا ، فیداکاری و خوبه‌ختکردنه له‌پیناوی ئامانجی ره‌وای گه‌له‌که‌مان دا ...

XXXXXXXXXXXXXXXXXXXX

بوچی وه‌رزنامه‌که‌مان ناوی نراوه „ کومه‌له „؟

ئاوردانه‌وه‌یه‌ك له رابوردوی نزیك

له‌پاش ده‌رچونی ژماره‌ی پایزی وه‌رزنامه‌که‌مان هه‌ندیك له هاوری یانی کومه‌له‌مان و دوسته‌کانی پرسیاری ئه‌وه‌یان لی کردین که بوچی کوبونه‌وه‌ی فراوانی کادران " کومه‌له " یان هه‌لبژارد به‌ناوی ئورگانی ناوه‌ندی کومه‌له‌ی مارکسی - لینینی کوردستان و " ئالای شورش " وه‌کو پار بلاوکرایه‌وه ، یا ناویکی تریان لی نه‌نا ، که گونجاوتر بیت له‌گه‌ل قوناغی ئیستای خه‌باتی گه‌له‌که‌مان دا له کاتیك دا که ریکخراوه‌که‌شمان هه‌ر ناوی کومه‌له‌یه .

کومه‌له ریکخراویکه له هه‌لومه‌رجیکی میژویی دیاریکراودا دامه‌زرا ، که پاشاگه‌ردانییه‌کی سیاسی و ئایدیولوجی له کوردستان و له عیراق دا هه‌بو - دوو حیزب به‌ناوی " حیزبی شیوعی عیراق " ه‌وه یه‌کیان به‌ناوی (لوجنه‌ی مه‌رکه‌زی) و ئه‌وی تریان به‌ناوی (قیاده‌ی مه‌رکه‌زی) یه‌وه کاریان ئه‌کردو هه‌ردوکیشیان خویان به هه‌لگری ئالای م - ل و کومونیزم دائه‌نا . هه‌روه‌ها دوو حیزبیش به‌ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانه‌وه کاریان ئه‌کرد یه‌کیکیان سه‌رکردایه‌تی به‌رزانی رابه‌ری ئه‌کردو ئه‌وی تریان بالی مه‌کته‌بی سیاسی ، له‌ویان دا هه‌ندی ئه‌ندام و کەس و ده‌سته هه‌بون خویان به دوستی م - ل دائه‌نا و له‌میشیان دا هه‌ندی کەس و ده‌سته‌و بال هه‌بون خویان به م - ل دائه‌نا .

سه‌ره‌تای حه‌فتاکان که کومه‌له‌ی تیدا دامه‌زرا ، وه‌کو دریژه‌کیشانی ته‌نگوچه‌له‌مه‌کانی - شه‌سته‌کان ، بزوتنه‌وه‌ی کومونیستی و بزوتنه‌وه‌ی مارکسی - لینینی و جولانه‌وه‌ی کریکاری له سه‌رانسه‌ری دنیا دا توشی ته‌نگوچه‌له‌مه‌یه‌کی قول هاتبو که خوی ئه‌نواند له ده‌رکه‌وتن و ئاشکرا بون و زیادبونی توندو تیژی ناکوکی له‌نیوان ریبازو ئاقارو قوتابخانه‌ی فیکری و لیکدانه‌وه‌ی جیا جیاو ده‌رکه‌وتنی رونی هه‌ندی دیارده‌ی ناراست و سه‌لبی و هه‌ندی دیارده‌ی راست و ئیجابی تیدا . ئه‌م ته‌نگوچه‌له‌مه‌یه که له‌سه‌ر ئاستی جیهان به قولی و فراوانی ته‌قیبوه‌وه ، گه‌یشتبوه عیراق و کوردستانیش . هه‌رچی (ح ش ع - ل . م) بو په‌یره‌وی ریبازی سوفیه‌تی ئه‌کردو له ناکوکییه‌کان دا پشتی ئه‌وی ئه‌گرت دژی لاکانی تر ، هه‌رچی (ح ش ع - ق . م) بو که له‌پیش دا هه‌ولی به‌ده‌سهینانی پشتیوانی و لایه‌نگری سوفیه‌تی و دوای تر ریبازی گیفارای ئه‌دا و پاشان ریبازی چینی گرت و که‌وته پشتیوانی هه‌لویستی ئه‌و دژی لاکانی تر ، هه‌رچی - مارکسی - لینینییه‌کانی ناو (پ د ك - بالی م س) بون به‌ته‌واوی نائومید بون له توانای گه‌شه‌پیدانی پ د ك به‌ره‌و پارتییه‌کی م - ل ی راسته‌قینه‌ی شیوه نوی به‌تایبه‌تی دوای شکانی تیکرای ریبازی سیاسی حیزبه‌که‌یان دوای بلاوکردنه‌وه‌ی به‌یاننامه‌ی ۱۱/ ئازاری ۱۹۷۰، هه‌رچی خو به مارکسی - لینینی زانه‌کانی ناو (پ د ك - بالی به‌رزانی) یش بو سه‌رمه‌ستی هه‌وای سه‌رکه‌وتنی ریکه‌وتنی ۱۱/ ئازار بون له‌گه‌ل حیزبی به‌عس و لیشاوی بیری راسته‌و له‌گه‌ل خوی رای‌مالیبون .

هه‌له‌کانی ح ش ع به هه‌ردوو باله‌که‌یه‌وه (لوجنه‌ی مه‌رکه‌زی و قیاده‌ی مه‌رکه‌زی) له‌مه‌سه‌له گرنگ و سه‌ره‌کییه‌کانی گه‌لی کوردستان و گه‌لی عیراق دا که میلله‌تی عیراق نرخیکی یه‌کجار گرانی له‌تولەی دا دا ، کاریکی وه‌های کردبو که دوژمنه چینایه‌تییه‌کانی کریکاران و ره‌نجده‌ران ، ئیمپریالیزم و نوکه‌ره‌کانی ، کونه‌په‌رستانی خومالی بتوانن به چاکترین شیوه به‌کاری بهینن بو زراندن و سوك کردنی کومونیزم و بیروباوه‌ری م - ل له‌ناو کومه‌لانی خه‌لك دا ... هه‌روه‌کو هه‌له کوشنده‌کانی که‌س و ده‌سته مارکسی و خو به مارکسی زانه‌کانی ناو هه‌ردو باله‌که‌ی پ د ك (سه‌رکردایه‌تی به‌رزانی و م س) و داڕشتنی زور گوته‌و تیگه‌یشتنی بورجوازی - نه‌ته‌وه‌یی و بورجوازی بچوك و ته‌نانه‌ت خیله‌کی و ده‌ره‌به‌گی راسته‌و و دواکه‌وتو له قالبی تیوری و فه‌لسه‌فی دا بو قبول کردنی سه‌رکردایه‌تی بورجوازی له‌لایه‌کیان و خیله‌کی له لاکه‌ی ترو هه‌لال کردنی ده‌ستیکه‌لاوکردن له‌گه‌ل حیزبی به‌عسی دوژمنی میلله‌تی کورد له‌لایه‌کیان و له‌لایه‌کیان هه‌لال کردنی ده‌ستیکه‌لاو کردن له‌گه‌ل ئیمپریالیزم و کونه‌په‌رستی ئیرانوئیسرائیل له لاکه‌ی تریان تا ئه‌ندازه‌یه‌کی زور مه‌سه‌له‌ی بیروباوه‌ری پیشکه‌وتنخوازانه‌یان ئالوزا-

ندبو ، هەلومەرجیکی ئەوتو خولقابو بیروباوەری راستەو و دواکەوتو زال و باو بو ...
ئالەم دوخەدا کومەلی کوردستان بەتەنگوچەلەمەیەکی ئایدیولوجی و فیکری قول دا تیئە - پەری ، بەدەسەینانی " سەرکەوتنی ۱۱/ ئازاری وەختی " لەسایەی سەرکردایەتی خیلەکی بەرزا - نی دا کە راست و چەپ لە ناوەوە دەرەوە کەوتبونە ستایش کردنی ، تیگەیاندنی خەلك لە سروشتی ریکەوتنی ئازارو سەرەنجامی ، لە ریگەی راستی سەرکەوتن و لە سەرکەوتنی راستەقینە و تەواوی تا ئەندازەیەك دژوارو ئالوز کردبو ... مارکسیزم - لینینیزم لە زور لاوە شیو - ینرابو ، مارکسیزم - لینینیزمی ساختەش لە زور مەیدانی فیکری ، سیاسی ، کردەوەیی دا - لەلایەن بیروباوەری بورجوازی و خیلەکییەوە بەزینرابو ، هەر لەبەر ئەوە پیویستی ئەکرد کە ریکخراویك دابمەزریتجەوهەری پاك و خاوینی م - ل ، فەلسەفە زانستییەکەی ، گیانە زیندوە گەشە کردوەکەی وەربگری و لێی بکولیتەوە ، هەلی بسەدگینی و تێی بگات ، لەسەدگی محەکی واقیعی کوردستانی بدات و بزانیت تا چ ئەندازەیەك لەگەل یاساکانی گوران و گەشەکردنی ئەگونجیت و بەکەلکی ئازادی راستەقینەی رەنجدەرانی کوردستان و خەباتی چینایەتی و نەتە - وایەتی یان دیت ، ئەگریت ببیتە ری بەری کارو شیکردنەوەی رودا وەکانی کومەلی کوردستان و عیراق و هەلهینانی ناکوکییە جیا جیاکان و کلیلی دوزینەوەی چارەی گیروگرفتە جیا جیا - کان و چرای روشن کەرەوەی ریگەی سەرکەوتن ، بی ئەوەی سەرکەوتنی وەختی و ورشەو بریق و باقی بیروباوەری بورجوازی ، شەپولی بیرو ریبازە ناراستەکانی بەری رزین و گەندەل بونی کومەلی سەرمایەداری ئەوروپا و ، پریشکی تەنگوچەلەمە تونددو تیژی گەردەلول ئاسایی نا و بزوتنەوەی مارکسی - لینینی جیهان بە هەلەی ببات . ریکخراویکی وەها کە لەنا و ئەو ریبازە جیا جیایانەی دنیای ئەو سەردەمەدا ، لەنا و ئەو هەلومەرجە ئالوزو پر گری و گولەی کوردستانی ئەو چاخەدا ، لەنا و ئەو دوخە نالەبارە سیاسییە سەختەی عیراقی ئەو حەلەدا بتوانیت ریگەی راست بدوزیتەوەو دەست بکات بە کارکردن کاریکی زور پیویست بەلام هەتا بلێی دژوارو زەحمەت بو .

کومەلە وەکو نواندنەوەی یەکی لە پیویستییە هەرە گرنگەکانی گوران و گەشەکردنی کومەلی کوردستان لەدایك بو ، وە بو ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ناسنامەی خوی لە حیزب و تاقم و دەستەکانی تری جیا بکاتەوە ، وە بو ئەوەی ریبازی خوی بی شاردنەوەو پیچ و پەنا دیاری بکات ، وە بو ئەوەی فەلسەفەی زانستی و خاوینی مارکسیزم - لینینیزم لە شیواندنی نا رەواو بوختانی بی جی و قسەی درو بپاریزیت و لە مەیدانی کارو جی بەجی کردن دا روی گەش و زانستی ، گیانە زیندوەکەی ، جەوهەرە بەنرخەکەی دەربخات ناوی خوی نا کومەلەی - مارکسی - لینینی کوردستان .

کومەلە عاشقی م - ل نەبوە ، کومەلە م - ل بە چەند گوتەو قالبیکی بی گیان و وشك و رەق هەلاتو نازانیت ، بەلکو لای وابو کە تیوریيەکی زانستییە بو شیکردنەوەو هەلسەنگاندنی کومەلی کوردستان و لیکدانەوەی دیاردەو دەرکەوتەو رودا وەکانی ناوی ، بو دوزینەوەی یاسا - کانی گوران و گەشەکردنی ، بو کردنەوەی گری و ناکوکییەکانی ، بو دوزینەوەی چارەی گیرو - گرفتە ئالوزە جیا جیاکانی ، بو دوزینەوەی ریگەی سەر کەوتنی جەماوەری چەوساوەی کورد - ستان و دیاری کردنی مەرجەکانی کە هەر ئەوکاتە سەرەرای هەمو ئەو رواڵەتە تەفرەدەر و چاو هەلخەلەتینەرانەی دوای ریکەوتنی ۱۱/ ئازاری ۱۹۷۰ لە کایەدا بو ، دیاری کرد بە هەبونی پارتی پیشرەوی کریکاران و رەنجدەرانی کوردستان ، بەرەی یەکگرتوی چینە شورشگیرو پیشکە - وتنخوازەکانی کومەلی کوردستان ، لەشکری رزگاری گەل کە ئەو دەم هیچ کام لەم مەرجانەی سەرکەوتنی لەسەر ئەرزی کوردستانی عیراق بەدی نەئەکرد و بو ئەم مەبەستە کەوتە خەبات و تیکوشان ، کەوتە هەولدان بو بلاوکردنەوەی بیروباوەری م - ل ، بو پەروەردەکردنی تیکو - شەرانی شورشگیر بەم بیروباوەرە ، بو سازدان و ریکخستنیان ، بو کوکردنەوەو خستنە گەریان ئەگەر چی کەم و نایابیش بون ، ئەگەر چی سەخت و دژواریش بو ، ئەگەر چی ماوەیەکی درێژیشی ئەویست .

کومەلە لای وابو کە نوسین و بلاوکردنەوەی چەند بەیان و بلاوکراوەیەك حیزب ، بەتایبەتی حیزبی پیشرەو ، دروستناکات . لای وابو کە ویست و ئارەزوی چەند تیکوشەرو شورشگیر و

شاره‌زا و زانایه‌ك خیزبی پیشره‌و دروستناکات . هه‌روه‌ها کومه‌له لای وابو که به کوبونه‌وه‌ی چه‌ند تیکوشه‌رو شورشگیری مارکسی - لینینی و خو ریکخستنیان له ریکخراویکی سه‌ربه‌خوش دا خیزبی پیشره‌و دروستنابیت .

کومه‌له لای وابو به لاف لیدان و گه‌زاف نابیته مارکسی - لینینی ، وه به له‌به‌رکردن و گوتنه‌وه‌ی قسه‌و نوسینی کتیبی م - ل یش نابیته مارکسی - لینینی ، ته‌نانه‌ت به ناو له‌خو - نانی ئاشکرا نابیته مارکسی لینینی ... به‌لکو لای وابو که بو پیکهینانی خیزبی پیشره‌وی راسته‌قینه‌ی کریکاران و ره‌نجده‌رانی کوردستان ، بو پیکهینانی خیزبیکی م - ل که به‌راستی هه‌لگری فه‌لسه‌فه‌ی م - ل بی و به پی‌ی سه‌ره‌تاکانی م - ل دامه‌زرابی و زاخاو درابیت و به‌پی‌ی سه‌ره‌تاکانی م - ل کار بکات خه‌باتیکی دورو دریژی بی کولدان و ماندوبونی گه‌ره‌که ، هه‌بون و گه‌شه‌کردنی بزوتنه‌وه‌یه‌کی جه‌ماوه‌ریی شورشگیرانه‌ی گه‌ره‌که ، موتوربه‌کردنی ئه‌م بزوتنه‌وه‌یه به بیروباوه‌ری م - ل ی گه‌ره‌که .

هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه ، کومه‌له هه‌ر له سه‌ره‌تاوه لاف و گه‌زافی لی نه‌دا ، قسه‌ی مفتی نه‌کرد (متواضع) بو خوی به خیزبی پیشره‌وی کریکاران و ره‌نجده‌رانی کوردستان دا نه‌نا ، خوی به خیزبی مارکسی - لینینی و مه‌رکه‌زی مارکسیزم دانه‌نا ، خوی به چاره‌سه‌ر که‌ری گیروگرفته‌کان و " ده‌رمانی ده‌ردان " دانه‌نا ، به‌لکو به (تواضع) ه‌وه هه‌ولی دا بو بلاوکردنه‌وه‌ی بیروباوه‌ری راسته‌قینه‌ی م - ل ، بو په‌ره‌رده‌کردنی تیکوشه‌رانی شورشگیر به بیروباوه‌ری م - ل ، بو کوکردنه‌وه‌ی ئه‌و تیکوشه‌رانه‌ی به‌راستی م - ل بون به ئومیدی پیکهینانی ریکخراویک که ببیته ناوکی خیزبی پیشره‌وی چینی کریکارو ره‌نجده‌رانی کوردستانی عیراق . به‌م گیانه‌وه به‌بی ده‌نگی ، بی خو هه‌لکیشان خو ده‌رخستن ، بی گاله گال و هه‌للاو بگر ، بی خو به‌زل زانین ، بی ئه‌وه‌ی خوی بها ویژیته شه‌ری ناهاوتاو ناهاوسه‌نگه‌وه له‌کات و شوینی خراپ دا ... که‌وته خه‌باتیکی بی وچان بو کوکردنه‌وه‌و په‌ره‌رده‌کردنی تیکوشه‌رانی م - ل ، بو سه‌لماندنی پیویستیی پیکهینانی پارتی پیشره‌وی کریکاران و ره‌نجده‌ران ، به‌ره‌ی یه‌کگرتو ، له‌شکری گه‌ل که مه‌رجی سه‌رکه‌وتنی بزوتنه‌وه‌ی گه‌له‌که‌مان و رزگاربونیه‌تی له چه‌وساندنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی و چینایه‌تی .

کومه‌له له ماوه‌یه‌کی که‌م دا سه‌ره‌رای سه‌ختیی هه‌لومه‌رجی کوردستان ، له‌سه‌ریکه‌وه هیرشی ره‌گه‌زپه‌رستانه‌و فاشیستی رژیمی عیراق بو ته‌فروتوناکردنی گه‌لی کورد و خنکاندنی هه‌مو - ده‌نگیکی ئازادیخوازو پیشکه‌وتنخوازو مارکسی - لینینی ، له‌سه‌ریکی تره‌وه ده‌سه‌لاتی بیروباوه‌ر و ریبازی راستره‌وو خیله‌کی له‌ناو ریزه‌کانی بزوتنه‌وه‌ی رزگاریی نه‌ته‌وه‌یی کوردستان دا ... سه‌ره‌رای هه‌مو کوسپ و ته‌گه‌ره‌یه‌ك ، هه‌مو دژواری و سه‌ختییه‌ك ، سه‌ره‌رای ده‌ره‌تانی ته‌سك و ته‌نگه‌به‌ر به‌رهه‌می باشی به‌ده‌س هینا و توانی سه‌دان تیکوشه‌ری هه‌لبژارده‌ی کوردستانی عیراق له‌ده‌وری خوی کو بکاته‌وه و ریك بخات ، په‌لوپو له سه‌رانسه‌ری کوردستان دا بلاوبکاته‌وه ، بی ئه‌وه‌ی داو و ده‌زگا جاسوسییه‌کانی عیراق ، یا داو و ده‌زگای پاراستن بتوانن نهینییه‌کانی هه‌لبهینن و داوی بو بنینه‌وه‌و جه‌زره‌به‌ی لی بوهشینن .

مه‌خابن کوتایی پی هینانی کوتوپرو چاوه‌ری نه‌کراوی شورشی کوردستانی عیراق له ئازاری ۱۹۷۵ دا نه‌خشه‌و پلانی کاری دریژخایه‌نی سیاسی و ئایدیولوجی کومه‌له‌ی بو زیاتر خوسازدان ، خو ریکخستن ، خو په‌ره‌رده کردن ، په‌لوپو هاویشتن ... تیك دا و کومه‌له‌ش پیش وه‌خت ، پیش خو ئاماده‌کردنی ته‌واو ، پیش‌جی به‌جی کردنی پلانه دریژخایه‌نه‌که‌ی بو گه‌یاندنی مه‌رجه‌کانی پیکهینانی خیزبی پیشره‌وی کریکاران و ره‌نجده‌ران ، روبه‌روی فرمانیکی میژویی گرنگ بو ، له‌کاتی دروستبونی بوشاییه‌کی سیاسی گه‌وره‌دا له کاتیکا که له‌گه‌ل هه‌ره‌سهینانی شورشی کوردستانی عیراق دا هه‌مو داو و ده‌زگا سیاسییه‌کانی تری کوردستانیش به‌تایبه‌تی پ د ك هه‌ره‌سی هینا .

کومه‌له وه‌کو ریکخراویکی نهینی که به دریژایی ۵ سال خه‌بات و تیکوشانی ئایدیولوجی ، سیاسی ، ریکخراوه‌یی ، هه‌ر خه‌ریکی کوکردنه‌وه‌و په‌ره‌رده‌کردنی هه‌لبژارده‌ی تیکوشه‌ران و ئه‌ندامان و پیگه‌یاندنی کادری به ژماره که‌م و به چونایه‌تی باش بو ، له‌ده‌ره‌تانیکی ته‌سك و

له هه‌لومه‌رجیکی سه‌خت و ناخوش دا ، بی ئه‌وه‌ی ویستبیتی یاخود به‌ته‌واوی توانیبیتی خوی - له‌ناو جه‌ماوه‌ردا به ئاشکرا ده‌ربخات ، بلاوکراوه ده‌ربکات ، له‌پر به‌ره‌نگاری ئه‌رك و فرمانی زور گه‌وره‌تر بو له‌وه‌ی خوی نه‌خشه‌و پلانی بو دانابو .

جا ئیستاش پاش تیپه‌ر بونی ۳ سال به‌سه‌ر ئاشبه‌تال و ده‌س پیکردنی قوناغی نوی ی کارکردنی کومه‌له‌دا ، پاش ته‌جروبه وه‌رگرتن له دوو سال و نیو خه‌باتی سیاسی و چه‌کداری سه‌خت ، پاش ئه‌وه‌ی شورشی نوی ی گه‌له‌که‌مان چه‌ندین هه‌وراز و نشیوی بری و چوته قوناغیکی بالاتره‌وه ، پاش ئه‌وه‌ی کومه‌له‌شمان بوته خاوه‌نی گه‌نجینه‌یه‌کی به‌نرخی ته‌جروبه‌و تاقیکردنه‌وه‌و شاره‌زایی ، پیویستییه‌کانی قوناغی نوی گورینیکی قول و بنه‌ره‌تی و گه‌وره ، به‌لکو وه‌رچه‌رخانیکی میژویی کاریگه‌ر له کومه‌له ئه‌خوازیت که ئه‌ویش هاویشتنی هه‌نگاوه به‌ره‌و پیکهینانی حیزبی پیشره‌وی کریکاران و ره‌نجده‌رانی کوردستان ، به‌ره‌و ئه‌وه‌ی که ئیتر کومه‌له به‌ناو و ناوه‌روك ، به به‌رنامه‌و دروشم ، به ستراتیج و تاکتیك ... گه‌شه بکات و به‌ره‌و پیشه‌وه بچیت .

کومه‌له ئه‌بیت مه‌رجه‌کانی گورینی خوی له قوناغی ریکخراوی " کومه‌له‌یی " یه‌وه بو قوناغی " حیزبایه‌تی " به‌جی بهینیت که یه‌کیان گورینی ناوه‌که‌یه‌تی به‌جوریکی ئه‌وتو که ئه‌بیت له‌گه‌ل قوناغی به‌رزتروبالاتروپیشکه‌وتوتری ئیستای بزوتنه‌وه‌ی رزگاریی نیشتمانی کوردستان بگونجی که بیگومان جیاوازه له هی قوناغی ۸ سال له‌مه‌وبه‌ری سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی . به‌لام وشه‌ی " کومه‌له " وه‌کو ناویکی میژویی ، وه‌کو وشه‌یه‌ك که تیکه‌لاو بوه له‌گه‌ل خوین و ره‌نج و تیکوشان و بیره‌وه‌ری شورشگیرانه‌ی سه‌دان تیکوشه‌ری قاره‌مان له قوناغیکی میژویی گرنگی خه‌باتی گه‌له‌که‌مان دا ، ئه‌بی پاریزگاری بکریت و نه‌هیلریت کویر ببیته‌وه .

جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ریکخراوی کومه‌له ، ناوی خوی ئه‌گوریت و به‌ته‌مایه ناویکی تری ئه‌وتو له‌خوی بنیت که له‌گه‌ل فرمانه میژوییه‌کانی ئیستای و له‌گه‌ل قوناغی خه‌باتی گه‌له‌که‌مان دا بگونجی و ئه‌م مه‌سه‌له‌یه ئیستا لیدوان و گفتوگوی له‌سه‌ره ، کوبونه‌وه‌ی فراوانی کادران - بریاری هه‌لبژاردنی ناوی " کومه‌له " یان دا بو ئورگانی ناوه‌ندی ریکخراوه‌که‌مان .

- کانونی دووه‌می ۱۹۷۹ -

ره‌گه‌زپه‌رسته‌کانی عیراق پیشکه‌وتن و ئاوه‌دانی دینده کوردستانه‌وه !

دوژمن به‌رده‌وامه له‌سه‌ر جی به‌جی کردنی سیاسه‌تی فاشیستییانه‌ی حوکم کردنی خه‌لکی ولات و له‌سه‌ر سیاسه‌تی ره‌گه‌زپه‌رستانه‌ی حوکم کردنی خه‌لکی کوردستان .

ناره‌زایی کومه‌لانی خه‌لك تا دیت زیاتر ئه‌بیت و نیشانه‌کانی ته‌قینه‌وه‌ی رق و توره‌بونیان ده‌رئه‌که‌ویت .

دوژمن له ماندگی کانونی یه‌که‌می ۱۹۷۸ به بیانوی فیرکردنی خوینده‌واریه‌وه په‌لاماری - دانیشتوانی گوندکاول کراوو به‌زور کوکراوه‌ی ناو ئوردوگا زوره ملی کانی کوردستان دا و له چه‌ندین ئوردوگاوه نه‌ره‌ی توره‌بون و ناره‌زایی به‌رز بوه‌وه دژی به‌زور راپیچانی ژنان بو مه‌کته‌ب له‌وانه ئوردوگاکانی کەس نه‌زان (کویه) ئوردوگای هه‌ریر (شه‌قلاوه) ئوردوگای دیانان (ره‌واندز) ئوردوگای توه سوران و ئوردوگای پی مالکه (قه‌لانزه) .

روژانی ۸ - ۹ /۱۹۷۸/۱۲ خه‌لکی ئوردوگای کەس نه‌زان (کویه) دژی رژیمی ره‌گه‌زپه‌رستی عیراق خویان پیشان دا و چه‌ند پولیسیکیان به دارو به‌رد بریندار کردو چه‌ند ئوتوموبیلیکی دوز - منیان خراپ کرد .

روژانی ۲۵ - ۲٦ /۱۹۷۸/۱۲ خه‌لکی ئوردوگای هه‌ریر (شه‌قلاوه) که‌وتنه ده‌ربرینی ناره‌زایی و خوپیشان دان دژی کاربه‌ده‌ستانی رژیم ، فاشیسته‌کان به چه‌ك و گوللە باران وه‌لامی خه‌لکه‌که‌یان دایه‌وه‌و خه‌لکیش بی چه‌ك به‌دارو به‌ردو تیلاوه به‌ره‌نگاری دوژمن بون ، له ئه‌نجامدا ۷ کەس له خه‌لکی بی تاوانی هه‌ریر له‌وانه چه‌ند ئافره‌تیك شه‌هید بون ، چه‌ند - پولیسیکی دوژمن بریندار بون .

گرتنی هیلی راست و دروستی سیاسی و ئایدیولوجی سەرکەوتن ئەهێنێتەدی

شورشی چەکدارانەی گەلەکەمان بە باریکی دژوار و دوخێکی ئێجگار ئالۆزاتی ئەپەڕیت. دوژمن تا دێت کوردستان زیاتر کاول ئەکات، هێرشەکانی بەرین و بلاوتر ئەکات، درندەتر ئەبێت و دەستە دەستە ڕوڵەکانی گەلەکەمان ئەگرێ و لە سیدارەیان ئەدات، تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتی هەمە چەشنە ڕویان لە زیادبێە.

ئەم بارە نالەبارە لە پاش ئاشبەتاڵەوە (لەوەوپێش) هەتا ئێستا دریژەی کێشاوەو بەردەوامە.

لەگەڵ ئەوەش دا کە شۆڕش لەڕوی چەک و ئیمکاناتی تردە کەم توانایە، گەلەکەمان پشت و پەنایەکی دەرەکی ئەوتوی نەبوە، بەڵام هەر لە بەرگری و بەرهەڵستی و شەڕ گردن دایە، ئاقاری گشتی یشی هەر لە پێشکەوتن و گەشەکردن دایە.

چەک، یارمەتی دەرەوە، ئازایەتی، ڕێکخستنی دەستەی چەکدار، ڕۆڵی گرنگیان هەیە، بەڵام بەتەنیا سەرکەوتن تەئمین ناکەن و چارەنوسی شۆڕش بڕیار نادەن.

سەرکەوتن و سەرئەنجامی شۆڕش بەندە بە گرتنی ڕاسترین هێلی سیاسی و ئایدیولوجییەوە لە هەمو پلەو قوناغە جیا جیاکانی خەباتدا.

مەبەست لە گرتنی ڕاسترین هێلی ئایدیولوجی و سیاسی ئەوەیە: کە بزانین چون دروشمی ڕاست لە قوناغە جیا جیاکان دا دائەڕێژین و کەی و لەکوی و چون بەرزیان ئەکەینەوە، تاکتیکەکانمان چون ئەگورین، کەی هێرش ئەکەین و کەی ئەکشێینەوە؟ دوستەکانمان کێن و کامانەن دوژمنەکانمان؟ بێ لایەنەکان کەی بەبێ لایەنی ئەمێننەوە، کەی ئەبنە دوست و کەی هەڵئەگەڕێنەوەو ئەچنە پێستی دوژمنەوە؟ چون لەگەڵ دوستەکانمان ڕێک ئەکەوین و یەک ئەگرین و ئەچین بەگژ دوژمنەکانمان دا؟ هەڵسوکەوتمان چون ئەبێت بەرامبەر بێ لایەنەکان چون یاسا گشتییەکان لەگەڵ بارو دوخی تایبەتی گەل و وڵاتەکەمان ئەگونجێنین...؟

ئەم ڕاستییانە دەوری بڕیاردەرو گرنگیان هەیە لەسەرکەوتن یا لە ژێرکەوتن دا.

چەندین شۆڕش لە دنیادا (لەوانە کوردستانی ئێمەش) سەرەڕای دەستدانە چەک و شەڕی سەخت و قارەمانانەو قوربانییەکی بێ شومار، سەرکەوتنیان بەدەس نەهێناوە... بۆچی؟

چونکە هێلی سیاسی و ئایدیولوجی ڕاست و دروستیان هەڵ نەبژاردوە.

بۆیە زۆر گرنگ و ئێجگار پێویستە کە لە ڕیبازی خەباتی شۆڕشگێرانەی ئێستامان دا هەنگاوەکانمان هوشیارانە بنێین، دروشمی بڕیقەدار و سەرچاڵانە لە خشتەمان نەبات، وەزعی تەواوی کوردستان و ناوچەکەو جیهان باش هەڵ بسەنگێنین و چاک بناسین، خومان بەکارو کردەوەی لایەنەلای فلان دەوڵەت و فیسار حیزبەوە خەریک نەکەین، ئەرک و فرمانە گرنگەکانی خومان نەخەینە پشت گوێ. سیاسەتی پشت بەخو بەستن و سەربەخوبون پەیرەوی بکەین و بپارێزین و جەماوەری گەلەکەمانی پێ پەروەردە بکەین.

سەربەخو بون و پشت بەخو بەستن دوو مەسەلەی یەکجار گرنگ و پێکەوە گرێدراوی دیالەکتیکین، لەو یاسا زانستییەوە هەڵقولاون کە سروشتی ناوەکی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە پلەی یەکەم دا، چارەنوسی دیاردەکە بڕیار ئەدات و دیاری ئەکات.

لەدایک بونی دیاردەکە، گەشەکردنی، گۆرانی لە حالەتێکەوە بۆ حالەتێکی تر بە پێی یاسای (نفی النفی) بەندن بە سروشتی ناوەکی دیاردە کۆمەڵایەتییەکە خۆیەوە. فاکتەرەکییەکانی دەرەکییەکان دەوری یارمەتی دەریان هەیەو بەس، ئەویش لە ڕێگەی مەسەلە ناوەکییەکانەوە ئەتوانن ئەو دەورە ببینن.

تەجروبەی تێکۆشانی گەلانی دنیا و گەلەکەی ئێمەش ئەو ڕاستییەیان سەلماندوە کە: سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی، سیاسی، ئایدیولوجی، ئابوری، فەرهەنگی... پشت بەهێزو توانای بێ سنوری جەماوەری خوبەستن و بروا پێهێنانی، تەقاندنەوەو ڕێکخستنی، ڕابەری کردنی... هەبونی دەسەڵات و توانای سەربەخۆیی بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندن و بڕیاردان، بێ دەستێوەردانی هیچ لایەک، خو دورخستنەوە لە کلکایەتی و خو هەڵپەساردن بەم و بەودا...

ئەمانە هیلی راست و دروستی سیاسی و ئایدیولوجی ئەکیشن و سەرکەوتن بەدی ئەهینن و ئەی پاریزن . ئەجروبەی تازەی فیتنام و کامبوج باشترین نمونەو بەلگەی ئەو راستی یانەن لەمەر سەربەخویی .

فیتنام و کامبوج هیشتا گیروگرفتو تەنگوچەلەمەکانی پاش سەرکەوتنی چەند سال لەمەوپیش یان بی چارەسەرکردن ماوەتەوە، برینەکانیان هیشتا ساریژ نەبوتەوە، کەچی بەریان داونەتە گیانی یەکتری و گەلی فیتنامی بەزینەری ٣ داگیرکەر (ژاپون ، فەرەنسە ، ئەمەریکا) ئەکریتە داگیرکەرو کامبوجی چەندین سال هاوخەباتیان پی داگیر ئەکەن .

پشت بەخوبەستن وسەربەخوبون بویە گرنگن ، بەلام هەمیشە ئەو راستیە گەشە ئەبی بزانری کەئەو دو مەسەلەیە مەحالە بینەدی بەبی گرتنەبەری هیلی راست و دروستی سیاسی و ئایدیولوجی ، گرتنی ئەو ریگە راستە سەرکەوتن ئەهینیتەدی ، خەبات چەندە دریژە بکیشیت و چەندە سەخت و دژواریش بیت .

باوکی ئاوارە

× × ×

رولە قارەمانەکانی کوردستان بەخوینی گەش میژوی نوێی گەلەکەمان ئەنوسنەوە

هیزی پیشمەرگەی کوردستان لەماوەی چەند مانگی رابوردودا زور چالاکی قارەمانانەو شورش گیرانەیان نواندوە، دەستی باشیان وەشاندوەو زەرەری قورسیان لە هیزە داگیرکەرو کاولکەرە فاشیستەکانی عیراق داوە . لە چەندین شوین شەرو پیکادانی خویناوی روی داوە لەوانە :

ناوچەکانی قەرەداخ ، شارەزور ، دەربەندیخان ، پینجوین ، شارباژیر ، سورداش ، دوکان ، کویە ، شەقلاوە ، سەلاحەدین ، قەلادزە ، تاسلوجە ، توزخورماتو ، گەرمیان ، چومان ، گەلالە ...

دەسدریژکەرانی عیراقی و کونەپەرستانی کورد هەرلە پەلامارو هیرشی درندانەو پیلانگیرانی نامەردانەدا بون دژی شورش و هیزەکانی ، بەلام دوژمن لەهەمو هیرشەکانیدا ژیرکەوتوەو بە ریسواییەوە شکاوە ، شورش و هیزەکانی هەمیشەو بەردەوام لەبەهیزبون و گەشەکردن و پەرەسەندن و فراوان بون دابوەو سەرکەوتنی چاك و دیاری بەدەس هیناوە . لەباتی نرخی سەرکەوتنە مەزنەکانی شورش دەیان رولەی قارەمانی گەلەکەمان گیانی خویان بی پەروا بەخشیوەو داری ئازادی گەلی کوردستانیان بە خوینی خویان ئاودیری کردوەو چونە ریزی شەهیدانی ریگای رزگارییەوە لەوانە :

تیکوشەری ناسراو هاوری ی کومەلەمان حەمەسەعید حەمەعەلی خورمالی - لیپرسراوی لیژنەی ناوچەی هەلەبجەی ی ن ك کە یەکی بو لە پیشمەرگەکانی یەکەمین دەستەی چەکداری هەورامان - شارەزور ، لەگەل قارەمانانی نەمر حسین محمد احمد (تەپی سەفا)، قادری حاجی احمدی گەلالی توفیق حاجی محمود (موریاس)، ئازاد حسین باپیر (موریاس) لە هـ ١ / هاوری ی کومەلەمان احمد گریانەیی ف . کەرتی ٢ هـ ١ / ئەمانە بەدەستی جاشە رورەشەکانی بەرزانی شەهیدکران ، هاوری ی کومەلەمان حەمەفەرەج تریفەیی ف . کەرتی ١ هـ ١ / هاوری ی کومەلەمان قادر عەولا ف . مەفرەزە لە هـ ٨ / قارەمانانی نەمر ابوبکری کاکەحەمەی سیکانیانی ف . کەرتی ٤ هـ ٤ لە گەل جەمالی برای کەقارەمانی جەزرەبەکەی دوکان بون / هەروەها قارەمانانی نەمر مام خدر عەولا ئاغای ئاکو (چومەسوتاو) کەتەمەنی بەرەو ژوری ٧٠ سال بو / ابراهیم محمد قادر (کا گردەل) لە هـ ١ / سلیمان رشید (شیخان) ، رسولی حاجی سعیدی بولی (حاجی ئومەران) ، عبدالله خدر مصطفی (ماونان) لە هـ ٧ / جلال فتاح (سیاگویز) لە هـ ٢ / ئەشرەف لە هـ ٥ / ابراهیم رشید (سەراو) لە هـ ٣ / عوسمان حسن (بالخ) لە هـ ٤ /

× × × × ×

هاونیشتمانانی بە شەرەف !

خیزان و کەسوکاری شەهیدان و گیراوەکان و پیشمەرگە ئەمانەتن لەئەستوی ئیوەدا پاریزگاری یان بکەن ، ئیشوکاریان بوجی بەجی بکەن ، لە پیویستی دا بە دەنگیانەوە بچن ، یارمەتی یان بدەن !

له ده‌فته‌ری سه‌روه‌ری دا.

ئه‌بوبه‌کری شیخ نوری : لوتکه‌ی بلندی بیروباوه‌ر

„ من حه‌زم ده‌کرد زیاتر له سه‌نگه‌ری پیشمه‌رگایه‌تی دا „
„ بمامایه‌ته‌وه بو ئه‌وه‌ی زیاتر خوم گوش بکردایه و „
„ زورتر خزمه‌تی چینی زه‌حمه‌تکیشانی کوردم بکردایه ، „
„ هیوام وایه ئه‌و ریگه‌یه‌ی که ئیمه گرتومانه ئیوه „
„ ته‌واوکه‌ری بن ، پیروزبایی سه‌رکه‌وتنتان لی بیت „
„ هیچ گومانم نیه له‌وه‌ی که ئیوه هه‌ر سه‌رکه‌وتن و „
„ سه‌ربه‌ستی به‌دی ده‌هینن „

شیخ نوری شیخ قادر که نه‌وه‌ی یه‌کیك له بنه‌ماله ئاینی و زانستییه ناسراوه‌کانی کورد - ستان ، بنه‌ماله‌ی شیخه مه‌ردوخییه‌کانی قه‌ره‌داخ بو ، ناوچه‌ی قه‌ره‌داخی به‌جی هیشت و به‌ده‌وی نان و کاردا روی کرده سله‌یمانی . شیخ نوری پله‌یه‌کی خوینده‌واری ئه‌وتوی نه‌بو که له‌دائیره‌یه‌کی ده‌وله‌تی دا فرمانیکی پچوك یا گه‌وره‌ی ئه‌وتو بگریته ده‌ست ژیانی خیزانه‌که‌ی دابین بکات ، له روی ته‌ندروستیشه‌وه ناساغ و له‌ش به‌بار بو نه‌ی ئه‌توانی کاری سه‌خت و دژوار بکات ، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه له کولانیکی پچوکی گه‌ره‌کیکی میللی شاری سله‌یمانی دا دوکانیکی پچکولانه‌ی به‌سه‌رمایه‌یه‌کی یه‌کجار که‌م له‌نزیك مالی خویانه‌وه دانا .

سالی ۱۹۵٤ شیخ نوری کوریکی بو ناوی نا ئه‌بوبه‌کر .

نه‌خوشی یه‌کی شیخ نوری خست و وه‌کو پیویست نه‌ی ئه‌توانی سه‌رپه‌رشتیلی دوکانه پچوك و که‌م سه‌رمایه‌که‌ی بکات ، خیزانه‌که‌ی و منداله وردەکانی به‌ناچاری ئه‌بو به دوکانه‌که‌دا رابگه‌ن ، زوری پی نه‌چو نه‌خوشییه‌که پرزه‌ی بری و کوچی دوایی کرد و کوشیك خیزانی له‌باوه‌شی هه‌زاری دا بی سه‌روت و سامان به‌جی هیشت ته‌مه‌نی هه‌ره گه‌وره‌که‌یان که ئه‌بوبه‌کر بو له چه‌ند سالیکی که‌م تیپه‌ری نه‌ئه‌کرد .

دایکی ئه‌بوبه‌کر وه‌کو هه‌زاران بیوه‌ژنی قاره‌مانی گوم ناوی کورد ستان شانی دایه به‌ر باری قورسی ژیانی هه‌زاری و نه‌بونی و بالی کیشا به‌سه‌ر منداله‌کانی دا و به‌ره‌نجی شانی خوی به دروماندوخه‌باتی پیروه‌رده‌ی کردن و گه‌وره‌ی کردن . ئه‌بوبه‌کری نایه به‌ر خویندن ، سه‌ره‌تایی ته‌واو کرد ، ناوه‌ندی و ئاماده‌یی بری ، بوه خویندکار له (کولیجی ئاداب) ی زانکوی سلیمانی .

ئه‌بوبه‌کر بی ئه‌وه‌ی شه‌رمی له‌وه کردبی که روشنبیرو خوینده‌وار نابی ده‌ست و جل و به‌رگی خوی قوراوی بکات هه‌رچه‌ند هه‌لی بو هه‌لبکه‌وتایه ، له‌پال خویندن و چونه مه‌کته‌ب دا ، کریکاریشی ئه‌کرد .

ژیانی پر کویره‌وه‌ری و هه‌ژاری ، ته‌مه‌نی پر ناسوری بی به‌ش بون له نازی باوکیتی ، ئه‌و زولم و زوره‌ی له کومه‌له بی داده‌که‌ی ده‌ورو پشتی خوی دا ئه‌ی دی ئه‌مانیه هه‌مو ئاسوی بیرکردنه‌وه‌ی فراوانتر کرد ، هوشی سیاسی و چینایه‌تی تیدا په‌یدا کرد ، هه‌ستی پیویستی خه‌بات و تیکوشانی تیدا بزواند بو گورینی ژیانی سه‌راپای کومه‌له‌که‌ی تا ژیانی خوی و هه‌مو هه‌زارانی گه‌له‌که‌شی له‌گه‌ل بگوریت و به‌م جوره که‌وته گوری خه‌باتی شورشگیرانه‌وه و چوه ئه‌لقه‌ی روشنبیری " کومه‌له " ه‌وه . پاش تیپه‌راندنی ماوه‌ی په‌روه‌رده‌کردن و تاقیکردنه‌وه سالی ۱۹۷٦ بوه ئه‌ندامیکی چالاك و نه‌به‌زو فیداکاری کومه‌له‌و به‌وپه‌ری له‌خو بوردن و ئازایه‌تییه‌وه له هه‌لومه‌رجی ناله‌باری ناوشاری سلیمانی دا بی گوی دانه گوشارو توقاندن ، ترسی مردن و فه‌وتان که‌وته خه‌باتی شورشگیرانه بو سازدان و هوشیار کردنه‌وه‌ی ره‌نجده‌رانی گه‌له‌که‌مان و په‌روه‌رده کردنیان به گیانی مارکسیزم - لینینیزم .

هاوری ئه‌بوبه‌کر باوه‌ری نه‌گوری به‌وه‌بو گورینی کومه‌لایه‌تی ، نه‌هیشتنی ناکوکی نیوان چینه‌کان و له‌ناوبردنی یه‌کجاره‌کی زولم و چه‌وسانه‌وه‌ی چینایه‌تی بی خه‌باتی شورشگیرانه نابیت ،

چەوساوەکان بێ ریکخستنی تایبەتی خۆیان و بێ شورش رزگار نابن .
باوەڕی وابو ئەگەر رزگاریمان بوێت ئەبێ شورشمان بوێت .
باوەڕی وابو ئەگەر شورشمان بوێت ، ئەبێ حیزبێکی شورشگێرمان بوێت ، ئەبێت پەیوەندی توندو پتەو لەگەل کومەلانی خەلك دروست بکرێت .
هاوڕی ئەبوبەکر کورد و کوردستانی لە ناخی دڵەوە خۆش ئەوێست ، تەنانەت ئەوەندە خۆشی ئەوێست گیانی خۆی لەپیناوا بەخشی ، بەڵام لە هەمان کاتدا مرۆڤایەتی پێشکەوتوشی خۆش ئەوێست ، بێروباوەڕی مرۆڤایەتی ئینتەرناسیونالیزم تێکەڵاوی موخ بوبو و بەچاکی تێی گەیشتبو هەر لەبەر ئەوە لای وابو کە گەورەترین خزمەتی بێروباوەڕی ئینتەرناسیونالیستی لە قوناغی ئێستای بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردستانی عیراق دا فیداکاریێە لەپیناوی - مەسەلەی نەتەوایەتی کوردا ، لەپیناوی رزگاری کورد و کوردستان دا .
هاوڕی ئەبوبەکر تا لە شاربو نمونەی تێکۆشەری هەڵکەوتوی خاوەن بێروباوەڕو چالاك و بەجەرگبو ، کە ئێتر ماوەی کارکردنی نهێنی سیاسی و پێشمەرگەیی ناو شاری نەما لەسەرەتای ۱۹۷۷ەوە چوە ناوچەی قەرەداخ ، مەڵبەندی کونی بنەماڵەکەیان و لەوێ بەناوی " ئاشتی " یەوە بوە پێشمەرگەو بوە یەکێك لە کادرە سیاسییەکانی ناوچەکەو تین و تەوژمی شورشگێرانەی زیاتر بو ، هەروەکو لە شار تێکۆشەرێکی نمونەیی بو ، لەناو ریزەکانی پێشمەرگەو لەنـاو جوتیارانی دێهاتی قەرەداخیش دا تێکۆشەرێکی نمونەیی هەڵکەوتوی ئەوتوبو کە هەم لە مەیدانی خەباتی چەکداردا لە ناو براپێشمەرگەکانی دا ، وە هەم لەناو خەڵکی ناوچەکەدا ڕێز و خۆشەویستێکی بێ ئەندازەی بە گیان بازی و دڵسوزی و فیداکاری خۆی پەیدا کردبو .
شەهید ئاشتی وریایی و شارەزاییەکی چاکی لە کاروباری خەباتی پێشمەرگەیی ناو شاردا هەبو لە چەندین چالاکی شورشگێرانەدا بەشدار بو لەوانە ئیعدام کردنی چەند جاسوسێك لەناو شاری سلێمانی دا ، بەشدارێبون لە چەند مەفرەزەیەکی کە چونە ناو شاری سلێمانی و بەسەرکەوتویی کارەکانی ئەنجام دا .
هەروەها لە ڕیزی پێشمەرگەش دا لەو ماوەیەدا لە چەندین شەڕدا دەوریکی قارەمانانەی گێڕا لەوانە شەڕی قازان قایە (قەرەداخ) لە ۱۹۷۷/۹/۳ دا هەروەها لە شەڕی داروغا (قەرەداخ) لە ۱۹۷۷/۱۱/۳ دا و نمونەی پێشمەرگەی ئازا و فیدکارو لەخو بوردو بو لەو شەڕانەدا .
هاوڕی ئاشتی تەرخان کرابو بو کاروباری ڕێکخستنی سیاسی ناو جوتیاران لەبەر ئەوە - بەپێی پێویستی شێوەی کاری ناوچەکە ئەبو زور جار لە مەفرەزەکانی پێشمەرگە جیا ببێتەوە و بە نهێنی لەناو دێهاتەکان دا خۆی بشاردبتەوە لە دوژمن و کاری سیاسی بکات ، بەداخەوە جارێك لەو جارانە دوژمن شوێنەکەی دوزیبوەو بەیانی ڕۆژی ۱۹۷۸/۲/۲٦ لە گوندی قارەمان (قەرەداخ) گیراو برایە سلێمانی و دوای تر بو کەرکوك و لەوێ بریاری لەسێدارە دانی درا .
هاوڕی ئاشتی لە زیندانیش دا نمونەی قارەمانی خاوەن بێروباوەڕو نەگورو ئازابو ، بەوپەڕی قایمیەوە بەرگەی ئازارو ئەشکەنجەی دڕندانەی فاشیستەکانی عیراقی گرتو بە دڕێژایی چەندین ماڵگا تا دوا هەناسەی ژیانی وەکو کێوە سەرکەشەکانی کوردستان بەسەر بڵندی پارێزگاری نهێنییەکانی ڕێکخستن و شەرەفی ئەندامەتی کومەلەو پیرۆزیی بێروباوەڕەکەی کردە ، لە سەرەتای ماڵگی ٦ دا لە زیندانی موسل لە سێدارە درا .
هاوڕی ئاشتی لە زیندانەوە چەندین نامەی دڕێژی بو کومەلەو بو هەندی لە هاوڕیکانی ناردوە ٤ دانەی دەستئێمە کەوتون و ئێمەش لێرەدا ئەوەندەی هەلومەرجی باری ئێستای کار - کردنی نهێنی ڕێگەی بڵاوکردنەوەیان ئەدا بڵاوی ئەکەینەوە .
نامەکانی خۆیان ئەوەندە ڕوشن و ئاشکرا پێویستناکا زیاتری لەسەر بدوێین چونکە هەست و بڕوای هاوڕی ئاشتی دەرئەبڕن لە ناسك ترین ساتەکانی ژیانی دا ، لەکاتی هەڵبژاردنـی مەرگ و ژین دا ، بە مردنێکی وەختی ژیانێکی هەمیشەیی لەسەر لوتکەی بڵندی بێروباوەڕ بو خۆی هەڵبژارد ...
خوێندەوارانی کومەلە با خۆیان نامەکان بخوێننەوەو حوکمی لەسەر بدەن .

ل ۱۹(٤۹) ..... ژ/۲ ..... کومەلە

نامەی یەکەم

بو کومیتەی شاری سلیمانی
سلاویکی شورشگیرانە

هاوریانی خوشەویست گەرمترین سلاوتان پیشکەش بیت کە هەلقولابیت لە ناخی ژوری خنکاندنی بەعسی فاشیستییەوە ، کە هاندەریك بیت بو سوربون لەسەر ریگەی راستی مارکسی - لینینی، تەنها داواکاری مان سوربوئتانە لەسەر خەبات کردن و کول نەدان ، هەتا هینانەدی ئاوات و ئامانجی چەوساوەو رەشوروتی میللەتەکەمان بەرابەری چینی پرولیتاریای کورد .

هاوریان !

هەروەك ئاشکرایە هەتا ریگەی خەبات سەخت و پر قوربانی بیت ، دوژمن بە دەیان لاو بەندیخانەکان پر نەکات لە شورشگیران ، شورشی سور لافاوی خوین دوژمنانی کوردی تیا نە خنکیت ئازادی وەرناگیریت . ئەگەر ئیمەش ئامادەی ئەمە بین سەرکەوتن زوو بەدەس ئەهینین . ئەبیت هەمو شورشگیریك ئەمەی لەبەر چاو بیت :

کە سەربەستی ئەسینریت نادریت

کە ژیان بەخت کردن لەپیناوی بیروباوەردا هەمیشە پیشەی پیشمەرگەی هیزی سور بوە . بەلای منەوە بەبیروباوەرم سەربەستی ژیانە ، ژیان تیکوشانە .

من هەزم ئەکرد کە نەگیریم بو ئەوەی هەر ئیش بکەم بو بیروباوەرەکەم ، ئیستاش کە گیراوم و بریاری خنکاندنم دراوە زور شانازی پیوە ئەکەم ، شانازی بە پەتی خنکاندن ئەکەم چونکە هەمان پەتخراوەتە ملی شەهیدان شەهاب و جەعفەرو ئەنوەر و سەدان لاوی شورشگیری کوردی تر .

بەلای منەوە گیرانم دەستی کەسانی تری تیا بو بەلام کێن ؟ من هەر ئەوەی کە بیژانم بوتان ئەنوسم و ئیوەی خوشەویست لەلای خوتانەوە پیویستە لیکولینەوەی تیا بکەن ، نەك لەبەر من ، بو ئەوەی کەسی تر خیانەتنەکات .

.....

.....

هاوریان !

با وردە گلەیی یەك بکەین ئیمە کە هاوریانی کومەلەین و هەمو پیشمەرگەین و ژمارەمان ۳۰ کەسین حوکمی خنکاندن دراوین ، نزیکەی دوو ماندگە هیچ ئاگامان لە دنیا نیە نازانین چی روی داوە چەند شەر بوە . وەزعی تەنزیم چونە . چەند پیاوخراپ کوژراوە . ئایا بلاوکراوەی تازە چییە ئەلین لەسەر کاکئارام بەیان دەرچوە تکایە بومان رەوانە بکەن . ئەگەر ماین هەتا ٦/١٠ یادی کومەلەو بەرپابونی شورش ئەکەینەوە جا تکایە شتمان بو بنیرن بو خویندنەوە وە نوسراو ، هەروەها پیروزبایی چونکە دلمان خوش ئەبیت بو ئەوەی یادەکەمان قەشەنگ بیت .

هاوریان ! ئەم رەخنەیە زور بەتوندی ئەگرم ، وابزانم ئەزانن کە مەسرەفی سجن گرانە ماندگی ۷۵ دینار هەر بە چا دەدریت بیجگە لە رون و تایدو سابون و نەوت و هەزارەها شتی تر . ماندگی زیاتر لە ۱۵۰ دینار مەسرەف ئەبی کەچی هەتاکو ئیستاکە ئیمە یەك دینار چییە لە تەنزیم و شورش و یەکیتی یەوە بو نەهاتوە . ئەزانم تەنزیم هەزارە بەلام بو پیروزی و بو ئەوەی ئیمە هەست بەوە بکەین کە شورش بیر لە ئیمە ئەکاتەوە با جار بەجار پارە بنیریت ، یا کە هەر نییەتی با ماندگی هاوری یەك بنیریت بەناوی شورشەوە هەمو سجنەکان ببینیت و ماچیان بکات و بلیت بەناوی شورشەوە ، هەتا وەرە بەرزکاتەوە ، بەلام ئیمە ئیستاکە هیچ ئاگامان لە وەزع نییە جا تکایە کەم تەرخەمی مەکەن نوسراو بنوسن . ئیتر ئیمە چاوەروانین .

هاوریان ! وەك ئاشکرایە خیزانی ئیمە هەزارەجا تکایە جار بەجار چاودیری یان بکەن و یارمەتییان بدەن . سوپاستان ئەکەم . ئیستاکەش ئامادەی هەمو کاریکم و هەر پیشمەرگەیەکی شورشی سورم . ئەگەر ئەتانەوی ناوی هەمو ئەو کەسانەی کە شەهید کراون بوتان بنوسم و هەروەها گەلیك پیشمەرگە هەلبەستی داناوە بو یادگار ، ئەگەر حەز ئەکەن بوتان بنیرم لەلاتان

کومەلە ..... ژ/۲ ..... ل ۲۰(۵۰)

بیت‌بو روژی‌خوی .

ئیتر بەرەو سەرکەوتن لەژیر ئالای پیروزی مارکسی - لینینی ،
بەرەو بەدی‌هینانی پارتی پیشرەوی چینی گریکار

- پ‌م ئاشـــتی -

نامەی دووەم

لە هەلومەرجی ئیستا دا بو بلاوکردنەوە ناشیت‌چونکە بەشی زوری پەیوەندی بە ریکخستن و ئەو شتانەوە هەیە کە لە نیوان خوی و ریکخستن دا بـــوە .

نامەی سی یەم

کومەلەی مارکسی - لینینی کوردستان .
بو کومیتەی شاری سلیمانـی

هاوریان ، گەرم ترین سلاوی شورشگیری تان پیشکەش بیت ، هیوا و ئاواتم سەرکەوتنتان و بەدی‌هینانی ئامانج و ئاواتی میللەتە رەشوروتەکەمانە ... لەم کاتەدا کە ئەم نوسراوە بو ئیوەی ئازیز دەنوسم بریاری خنکاندنم دەرچوە ، لەگەل ۱۵ کەسی تردا شەوی سەعات ۱۲ ی شەو هەلدەواسرین و تەنها نزیکەی ۱۰ سەعاتمان ماوە ماوە . بەراستی ناوەرۆکی نامەکەتان جیگەی شانازی و سەربەرزی ئیمەی بەندانی ژوری خنکاندن بو ، بەراستی نیشانتان دا کـــە کومەلە هەمیشە هاوریانی خوی لەیاد ناکات و هەر بە بیروباوەر لەگەلیان ئەژی و ئامادەی هەمو کاریکی جوامیرانەیە بو هاوریانی خوی .

هەز ئەکەم ئیستاکە جوابی نامەکەتان بدەمەوە .

۱ـ ئەو پارەیەی کە ناردبوتان کە بریتی بو لە ۵۰ دینار گەیشتە دەستم . منیش بەم شیوەیە بەکارم هینا ۲۰ بیست‌دینار دام بە چا بو هەمو بەندەکان ، نزیکەی ۱۰ دە دینار دام‌بە جگەرە بو ٦ کەسی تازە کە هاتون کە لەوانەی تیایان و سەر بە کومەلەو یەکیتی‌ی نیشتمانین کاك‌هاوری و کاك یاسین و ٤ کەسی تر کە پیشمەرگە بون ... هەروەها کرینی کەلوپەل ، ۱۵ دینار دامان بە خواردن بو ۸ کەس کە ئیعدام کران ، کە شیرانە چونە بەر پەتی خنکاندن و . هەمویان سەر یەک بون ، بەناوی هەموانەوە سوپاستان دەکەم و وتیان کە بە راستی کومەلە دەری‌خست‌کە هەر ئەو دەتوانیت‌رابەری چینی رەشوروتی میللەتی کورد بکات و منیش بەناوی ئەوانەوە جوانترین وشەی پیروزبایی‌تان پیشکەش دەکەم کە بەخوینی گیانی ئیمە نوسراوەیت و هەتا هەتابی هەر دیار بیت‌لە میژوی خەباتی میللەتەکەمان دا .

۲ـ هەروەها نازانم کە چون سوپاسی ... بکەم ، ئایا تەنها وشەی سوپاس‌جیگای ئەو هەمو هەستە بەرزەی ئیوە دەگریت ... بە شانازییەوە دەلیم کە من لەخیزانیکی هەژار دا پیگە یشتوم و گوش‌کراوم . من پیش‌ئەوەی مارکسیەت‌بزانم یان بویان باس‌کردبم من هەمو ژیانم هەروەکو مروفیکی مارکسی وابوە چونکە ئەو پارەی کە منی تیا پەروەردە بوم هاندەر بوە بو ئەوەی کە مارکسی یانە بیر بکەمەوە ، چونکە مارکسیەت‌بناغەکەی باری ئابوری یەو هەر ئەمەش و راستی‌ی باوەری مارکسی مەزن منی کردە ئەو پیشمەرگەیەی کە لە شورشی سوری ئەمجا رەمان دا بەشداری بکەم و بچمە ریزی خەباتگیرانی کومەلەوە لە بوتەی‌خەباتی سەخت و پر شانازی کومەلەدا خوم گوش‌کەم . نەمری بو باوەری پاکی کومەلە .

۳ـ پیروزبایی سەرکەوتنەکانی پیشمەرگە قارەمانەکان دەکەم ، هیوام وایە کە چوکی کرنوش بە دوژمنی گەلەکەمان دادەن و مافی هەزاران سالەی رەشوروتی گەلەکەمان بسینن .

٤ـ گەرم ترین پیروزبایی لە بەستنی کونفرانسی یەکەمتان دەکەم و سەرکەوتنی بو دەخوازم ، هیوام وایە هەولی بەدی‌هینانی پارتی پیشرەو بدریت ، ئەمەش لە کوری خەبات دا دیتـــەکایەوە نەک بە قسەکردن و شت‌نوسین بەلکو بەوەی کە خوتان قال بکەن ، زیاتر بچنە نـاو

ریزی هەژارانی گەلەکەمانەوە ، هەتاکو ئاواتی هەرە بەرزی شەهیدان پەیننەدی کە دروست کردنی پارتی پیشرەوە ، هەژاران چەپکە گوڵی سور پیشکەش بە پەکەم بەستنی کونگرەی کومەلە بێت .

٥- بەراستی حەزم دەکرد کە ریزی ئەوە بە خومەوە ببینم کە کومەلە سەرکەوتنی بەدەست بهینایەو بو یەك چرکە بژیامایەو ئیتر چی دەبو ببوایە .

٦- هاوڕیان ، نەلیستەی شەهیدانم دی وە نە ناوەکان ، وە نە بلاوکراوەکەی کە لەسەر - شەهید ئارام نوسرابو ، ئیوەش داوای ناوی شەهیدانتان کردبو ، هەرچەند هەولم دا دەستنەکەوت بەڵام ئەم ناوانە کە تازە ئیعدام کراون وا بوتان دەنیرم :

١- حامد حمە امین (یاخسەمەر - کملك) ٢- علی احمد عزیز (گاپیلون) ٣- فائق مصطفی (مالومە-شیت بو) ٤- ئازاد صالح (سلیمانی - ی ن ك) ٥- طە محمد توفیق (سلیمانی - ی ن ك) ٦- نسر-الدین صالح (سلیمانی - ی ن ك) ٧- جلال رشید (پینجوین - ی ن ك) ٨- نادر علی (هەولیر - ی ن ك) ٩- صباح زاهیر (هەولیر - ی ن ك) ١٠- عمر طە علی (هەولیر - ی ن ك) ١١- صابرحسین (شارەزور - پ م لە کەرتی قەرەداخ) ١٢- جعفر اسود (کویە - ی ن ك) ١٣- سید کمال سید واحد (کویە - ی ن ك) ١٤- سید جواد کریم (کویە - ی ن ك) ١٥- سید حسین سید رحمان (کویە - ی ن ك) ١٦- ابراهیم فتاح رسول (سلیمانی - ی ن ك) ١٧- نامق محمد کریم (سلیمانی - ی ن ك) ١٨- عمر عبدالقادر امین (سلیمانی - ی ن ك) ١٩- نوزاد حیدر احمد (چمچمال - کملك) ٢٠- یوسف حاجی سعید (عامورە - ی ن ك) ٢١- ابوبکر نوری قادر (سلیمانی - کملك ، کەرتی قەرەداخ) ٢٢- محمود حمە امین اسماعیل (یاخسەمەر - ی ن ك) ٢٣- رشید ابوبکر (کویە - بی لایەن ، دەعوای سیلاح) ٢٤- عبدالله خدر (وەرتی - ی ن ك) ٢٥- طارق جمیل جاسم (دهوك) ٢٦- علی عبدالله قادر (سەراو - ی ن ك) .

هاوڕیینە ، ئەم ناوانە کەم تر لە ماوەی ماندگیك دا ئیعدام کراون ، ئەمەش ناوی ئەوانەی کە ماون ١٠ کەسن :

١- طاهر محمد مراد (هاوڕی) ٢- یاسین غفور (سلیمانی) ٣- لطیف حمە صالح (سلیمانی-کەرتی قەرەداخ) ٤- حمە امین صالح و حسین صالح (دوو برانی خەلکی دی یەکی ناوچەی هەلەبجەن) ٥- احمد عبدالرحیم (سید صادق - ی ن ك) ٦- عزیز محمد احمد (هەلەبجە - ی ن ك) ٧- عبدالله احمد عبدالرحمن (هەلەبجە) ٨- حمە رشید محمد (هەلەبجە) ٩- حسین محمد کاکەوەیس (هەلەبجە-کملك) .

هەروەها هەتاکو ئیستاکە زیاتر لە ٢٠٠ کەس ئیعدام کراون لە موسل ، میری خوین ڕیژ هەر بەردەوام سورە لەسەر سیاسەتە گەوج و بوگەنەکەی خوی ، ئیمە ئامادەیی پون بە قوربانی بو ڕزگاریی میللەتەکەمان تیایەو هەر دەبیت بە خوینی گەش و ئالی ئیمە سەربەستی بەدی بهینن..

٧- .....

هاوڕیان ، هیوام وایە کە هەر ڕوژیك سەرکەوتنمان بەدی هانی بین و لاشەکانمان بەرنەوە بو سلیمانی لە گردیك لەلای شەهید ئارام بم نیژن ، هیوام وایە کە لە گوفارەکان دا یادمان بکریتەوە و لەبیر نەچین ، هەمیشە دەستی یارمەتی بو کەسوکاری شەهیدان دریژ بکەن و لەبیرتان نەچن ، چونکە پرسینەوەتان مانای وایە کە ئیوەی دلسوز کوری ڕاستەقینەی میلەتن . هەروەها هیوام وایە کە ئەم نوسراوەی کە دەی نوسم بوتان هەلی بگرن و پاشەڕوژ لە گوفاریکی شۆڕشدا بلاوبکریتەوە وەکو یادگاری شۆڕشگیریك ، جا تکایە بلاوی بکەنەوە کە وا لە یەك پەڕەدا دەینوسم .

ئەگەر توانا تان هەبو بینیرن بو لای مام جەلال کە لەسەرەوە طبعی بکات و بلاوبکریتەوە وەتنها وەسیەتم ئەمەیە .

سلاوو ڕیزم هەیە بو هەمو پیشمەرگەیەکی قارەمان کە خوی ڕاگرتوە بەرامبەر بە هەمو درندایەتی دوژمنەکەمان .

سلاوم هەیە بو هەمو پیشمەرگە قارەمانەکانی ناوچەی قەرەداخ .

ئیتر بەرەو سەرکەوتن و بەدی هینانی پارتی پیشرەو

سەرکەوتن بو گەل

مردن و روەشی بو دوژمنانی گەل و نیشتمان
هەزاران چەپکە گولی سور بو گیانی پاکی شەهیدان
لە گەل ریزو سلاودا

- ابوبکر نوری قادر (ئاشتی) -

نامەی چوارەم

ئەی کریکارانی جیهان یەکگرن !
ئەی گەلە چەوساوەکانی جیهان یەکگرن !

مروف بەنرختەرین سەرمایەیە
هەرکاتیک چەوساندنەوەی مروف بو مروف کوتایی هات، چەوساندنەوەی نەتەوەش بو نەتەوەی تر دوای دیت .

بو کومیتەی سەرکردایەتی کملک
هاوریان ،
ئاواتم سەرکەوتنتان و بەدی هینانی مافی رەشوروتی میللەتە هەژارەکەمان و پاشە روژ- یکی روناکە بو چەوساوەکان . من کە هاوریەکی کملکم تەنها شتکە دەتوانم شانازی پیوە- بکەم ئەوەیە کە گیانی خوم پیشکەش بە کریکاران و جوتیارانی هەمو جیهان کرد ، وە بەوپەری بیروباوەرەوە پەتی خنکاندنم هەلبژارد بو خوم و گیانی خوم کردە قوربانی بو رزگاری کوردو کوردستان .

ژیان خوشە ، بەلام مردن لەپیناوی گەل دا خوشترە ، من ژیانم خوش دەوی ، مانای وانییەکە خومان دەدەین بە کوشتژیان هەر هیچ ناهینیت ، بەلام ژیان هیندە خوشە بویە بو ژیان هەزا- ران ژیان دەکەینە قوربانی ، هەر مروفیکیش کە ریگەی خەباتی گرتدەبیتروون و ئاشکرا بیت لەلای کە بەهوی لیبوردنی ئەوەوە لە ژیان و ژیانی خوی هەژاران دەگەنە ئاوات .

من حەزم دەکرد زیاتر لە سەنگەری پیشمەرگایەتی دا بمامایەتەوە بو ئەوەی زیاتر خوم گوش بکردایەو زورتر خزمەتی چینی زەحمەتکیشانی کوردنم بکردایە ، هیوام وایە ئەو ریگەیەی کە ئیمە گرتومانە ئیوە تەواوکەری بن ، پیروزبایی سەرکەوتنتان لی بیت ، هیچ گومانم نییە لەوەی کە ئیوە هەر سەرکەوتن و سەربەستی بەدی دەهینن .

بەشانازییەوە ئەو پەتە دەکەمە ملم کە کراوەتە ملی شەهیدان جەعفەر ، ئەنوەر ، شەهاب و ئیمە نیشانی میری درندەمان داوە کە ئیوەو ئیمە هیچ باکمان نییە لە مردن .

هەزاران سلاو بو هەمو شورشگیرانی جیهان لە هەرکوی یەک دەجەنگین دژی چەوسینەرەوەکان ، وتە بەنرخەکەی گیفارام بیرکەوتەوە کە دەلیت گرنگ نییە لام لەکوی و بو کی ئەمرم ، گرنگ ئەوەیە کە گویم لە دەنگی شورشگیرەکان بی کە ناهیلن چەوسینەرەوەکان و فاشیستەکان لەسەر گیانی هەژارو بی دەسەلاتەکان بژین .

حەزم دەکرد کە تەمەنم دریژ بوایە هەتاوەکو رزگاری کوردستانی عیراقم بدیایەو بو ماوەیەکی کورتیش بوایە بببومایە بە پیشمەرگە لە ریزی پیشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی ئیران دا .

من کاتیک کە ئەخکینریم هەر هیچ نادورینم بەلکو ژیانی هەتا هەتایی لەنا و میللەتەکەم دا بەدەس دەهینم هەروەکو ماموستای پیشەوا و مەزن مارکس دەلیت : چەوساوەکان کە دژایەتی چەوسینەرەوەکان دەکەن هیچ شتیک نادورینن بیجگە لە پیوەندیەکانی ژیانیان نەبیت ، بگرە بەم کارەیان هەموجیهان دەبەنەوە بو خویان و ناوی هەتا هەتایی بو خویان دروست دەکەن .

هەر مروفیک کە دیتە ریزی تیکوشانەوە لە کاتی کارکردنیا هەر دەکەویتە هەندی هەلەی نە شارەزاییەوە ، منیش یەکیکم کە ئیشم کردوەو بی هەلە نەبوم ، بەلام هەر هەلەیەکم کرد- بیت رەخنەی تووندو تیژم لە خوم گرتوەو ئیستاش داوای لیبوردنتان لی ئەکەم . من لام وایە کە خو بەتەواو زانین لە هەمو کارکردنیک دا گەورەترین نەخوشییە چونکە کە مروف ئیشی کرد هەلەش دەکات ، گرنگ راستکردنەوەی هەلەی خویەتی و دان نانە بە هەلەکان دا .

یانی بزوتنەوەی سوشیالیستی کورد ستان به بونەی تیپەربونی سالیک به سەر شەهید بونی
قارەمانی نەبەز سعدی عزیز و هەفالەکانی

پی‌ی ناوی بو شەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دلی میللەتا ئەژین

جەماوەری گەلی کوردی نەبەز
تیکوشەرانی ریگای ئازادی و دیموکراتی

بزوتنەوەی سوشیالیستی کورد ستان لە بیرەوەری تیپەربونی سالیک بە سەر شەهید بونی تیکوشەری قارەمان هەفال سعدی عزیز (ئەندامی کومیتەی ئامادەکردنی بزوتنەوەو ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کورد ستان و فەرماندەی هەریمی دەشتی هەولیر) وەشەهیدە قارەمانەکانی تری شەری بەناوبانگی (دەشتیو) مل کەچ و کەرنوش رادەوەستی بو گیانی نەمریان و سلاو قەدرزانی بی پایانی رادەگەیەنیت. وە سلاو ریزی دەنیریت بو گیانی نەمری هەموو شەهیدانی ریگای رزگاری و ئازادی گەلەکەمان و گشت گەلانی جیهان .

وە هەر لەم یادە پیروزەدا سلاوی شورش و تیکوشان دەنیرت بو ئەو هەفال و سەرکردە تیکوشەرانەی کە لە پیناوی شورش و کیشەی رەوای گەلەکەیاندا ئیستا لە زیندانەکانی رژیمی رەگەز پەرستی سروشت فاشستی بەغدا لە ژیر باری ئەشکەنجەو ئازاردا ژیان بە سەر دەبەن و چاوەری‌ی مەرگ دەکەن . وە یان لە زیندانەکانی تاقمی خوفروش و نوکەری سەر بە بنە مالەی بارزانی دا بی سەروشوینن .

رولە تیکوشەرەکانی گەلی کورد

سەر لە بەیانی روژی ۱۹۷۸/۳/۸ لە کاتیکدا کە هەفالان سعدی عزیز وە سید کاکە لە گەل هیرێک لە پیشمەرگە قارەمانەکانی هیزی سفین و دەشتی هەولیر بە ئیژو کاری شورش گەیشتبونە ناوچەی پشدەر لە نزیک گوندی (دەشتیو) لە گەل هیرشیکی گەورەی دووژمن روو بە روو بون کە هیزی دوژمن بریتی لە دوو لیوای سەرباز بە پال پشتی تانک و توپ و چل فروکەی هیلکوپتەری شەرکەرو سەرباز هەلگر ،لە هەموو لایەکەوە گەمارو دران لە هەل و مەرجیکی هیجگار نا لەبارو دژواردا . پیشمەرگە قارەمانەکان لە ژیر دروشمی (کورد ستان یا نەمان)دا لییان هاتنە دەست وشەریکی قورس و خوینا وی دەستی پی کرد . لە بەیانی ئەو روژە تاگو ئیوارە زیاتر لە چوار پینج جار هیزی دووژمن شکینراو راونرا ،زیانیکی قورسیان پی گەیاندن و دەرسیکی ئەوتویان دانی کە جاریکی تریش بە دوژمنیان سەلماند (کورد ستان گورستانی دوژمنانە)و ئەو سەرکەشانەی‌کە بە خەیالی خاوی شوفینیەوە ویستویانە و دەیانەوی لە ناوی بەرن بەشیان هەر مل شکان و تیداچون ونەفرینی میژوو بوە و دەبیت .زیانی دووژمن بە پتی‌ی سەرچاوە عەسکەریەکانی خویان کە دەستمان گەوتبو .بریتی بوو لە (۳۰۰) کوژراو بریندار کە لە ناو ئەوانەدا (۸) ئەفسەر بوون یەکیکیان بە روتبەی عقید بو ،وە هیلیکوپتەریکی شەرکەری دووژمن لە نزیک مەیدانی شەرەکە ئاگری تی بەربوو و گەوتە خوارەوە ،وە سی هیلیکوپتەری سەرباز هەلگری تریش گەوتنە خوارەوە لە گربداغ و دەشتیو و قەلادزە . ئالەم شەرە پر لە شانازی یەدا وە لە کات ژمیری ۵/۳ی پاش نیوەرو هەفال سعدی عزیزی قارەمان لە گەل دەستەیەک لە پیشمەرگە دلیرەکان هیرشیان کردە سەر دووژمن لە سەر (گردەچیو) لە ئەنجامدا تیکوشەری خوشەویست سعدی عزیز گیانی پاکی خوی کردە خەلاتی کورد ستان و لەپیناوی مەسەلەی رەوای گەلی کورد و لە سەر ریبازی‌بزوتنەوەی سوشیالیستی کورد ستان‌لە گەل هەفالەکانی گەیشتنە دونیای نەمری و سەروەری ،کە لە هەمان شەری داستانی دا :شەهیدان فاروق صدیق رابەری سیاسی هیزەکە و احمد حمد امین ف ـ مەفرەزەو فەرخ قادر ف ـ مەفرەزەو ،جعفر اسود .ف ـ مفرەزەو حسین سید رەحمان . ف ـ مەفرەزەو ،فریق هەمزەو ،شاهین عزالدین و محمد حمد امین سکتانی و ،عثمان ـ احمد و ،سامی عوبید و ، صباح جمیل و ، احمد محمد و ،طاهیر محمد علی و،جبار اسماعیل و ، جعفر ـ کرمو ،جواد کریم و،کەمال سید واحید . تەرمی پاکی ئەم شەهیدانە لە شاری قەلادزەی شەهیدا جەماوەری بە شەرەفی قەلادزەی هینایە جوش و خروش کە بو ریز لینان و ناشتن و ماتەمینی دەربرین یەک پارچە راپەرین . هەزاران سلاو لە گیانی نەمریان .

هەفالی نەمر سعدی‌عزیز لە خیزانیکی هەژاری جوتیار لە گوندی (سیبیران) ناحیەی قوشتپەی دەشتی هەولیر لە سالی (۱۹۴۳)دا هاتوتە دونیاوە کە مەلبەندیگی‌پتەوی را پەرین و جولانەوەی جوتیارانی دژ بە چەوسا ـ نەوەی چینایەتی بووە . شەهیدی نەمر هەر کە چاوی هەلیناوە چەوسانەوەی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتی کاری تی کردوە و بیرو باوەری نیشتمان پەروەری لەو واقیعەدا هەلینجاوە ،وە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە شەید او سەو

داسەری ئازادی و خوشەویستی نیشتمانەکەی بووە ،وە هەر بەزویی چوتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان وە بە خەباتکەریکی شورشگیرو نەبەز ناوی دەرکردوە بویە هەر لە سەرەتای هەلگیرساندنی شورشی ١١/ی ایلول ١٩٦١ کە هیشتا لە تەمەنی منالی دابوو خوی گەیاندە ریزی پیشمەرگایەتیەوە ،وە لە بەرکەم تەمەنی و خوشەویستی بە سعدی (گچکە) ناوی دەرکرد بوو . وە بە خەبات و چالاکی ولی هاتوی خوی توانی پلەی ئامیربتالیون وەر بگریـــت و بە یەکیک لە کادرە عەسکەریە پارتیزانە سەرکەوتوەکانی شورشی ایلول دەناسریت. کە لە زوربەی شەرە سەختەکاندا بەشداری کردوە و هەمیشە سەرکەوتنی بە دەست هیناوە .

لەدوای هەرەس هینانی شورشی ایلول لە سالی (١٩٧٥) هەفال سعدی یەکیک بولەو کادرانەی کە ئا ـ مادە نەبو دەستە وەستان رابوەستی و بارو زروفی ئاش بەتالی سەرکردایەتی خیلەکی بنەمالەی بارزانی قبول بکات . وە بە هەموو شیوەیەک هەولی دەدا بو گورینی ئەو مەینەتە نەتەوایەتیەی کە گەلی کوردی تی کەوتبو لە ئەنجامی بەزین و هەلاتنی سەرکردایەتی راست رەوی خیلەکی وە دروست بونی مەترسی لە سەر وجودی نەتە ـ وایەتی گەلی کورد بە هوی سیاسەتی شوفینی و رەگەزپەرستی کاربەدەستی رژیمی بەغدا . بویە هەر زوو خوی گەیاندە ریزی بزوتنەوەی سوشیالیستی کوردستان و پاش ماوەیەک لە گەل دەستەیەک لە سەرکردەو تیکوشەرا ـ نی بزوتنەوەی سوشیالیستی کوردستان و شان بە شانی تیکوشەرەکانی تری نەتەوەکەمان لە گەل یەکەم بانگە وازی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان فرمانی پیک هینان و ریکخستنی پیشمەرگەو بەرپاکردنی بەرگری چەکدارا ـ نەی گەلەکەمانی گرتە سەرشان . وە هەر بە چالاکی و فیداکاری و خونەویستی شەرەفی ئەندامیتی سەرکردا ـ یەتی بزوتنەوەی سوشیالیستی کوردستانی وەرگرت . وە بەو شیوە قارەمانیەتیەش شەرەفی شەهادەتی لە پیناوی گەل و نیشتمانەکەیدا بو خوی هەلبژارد و لە میژووی خەباتی گەلەکەمان و گەلی عیراقی مەزن ،لە پیناوی ئازا ـ دی و دیموکراتی وسوشیالیستیدا ،لاپەرەیەکی سەروەرانەی بو خوی تەرخان کـرد .

بزوتنەوەی سوشیالیستی کوردستان هەر لە سەرەتای هەلگیرسانی شورشی نوی‌ی گەلەکەمان دەوریکی پر لە سەروەری دەبینی و دەستە دەستە لە سەرکردەو کادرو پیشمەرگە قارەمانەکانی دەکاتە قوچی قوربانی لە پینا ـ وی سەربەرزی گەلەکەمان و بەدی هینانی مافی نەتەوایەتی و دیموکراتی وەکوو شەهیدانی ناسراو: ماموستا حمید باتاسی ،واحمد فتح‌الله ،و ملازم حسن ابوبکر خوشناو ،و مەلا حاجی رەسول ،و یاسین قادرو محمود و ماموستا غفور ژاژەلەیی ،و حمد امین خلیفە قادر ،و بەختیار سعید والی ،وابوبکر سیکانیانی ،و جوهر ـ سعید ،وعثمان شفیق ،و رسول دلشاد ،و سەدان تیکوشەری قارەمانی تر .

خوینی ئەو قارەمانانە بەلگەیەکی زیندویی و فیداکاری گەلەکەمانە و نیشانەی سووربونی بزوتنەوە تیکوشەرەکەمانە لە سەر خەباتی شورشگیری و چەکداری دریژ خایەن ،دژی رژیمی رەگەز پەرستی رەفتار فاشستی بـــەعسی بەغداو بو تیک شکاندنی نەخشەو پیلانەکانی کە بە درندەترین شیوە و لە ریگای ئاگرو ئاسن و دەست تیکەلاو کردنی لە گەل ئیمپریالیزم و رژیمە کونەپەرست و بەکری گیراوەکان دەیەویت جولانەوەی رزگاری و نیشتمانی کورد ـ ستان تیک بشکینیت .وە لە وەتای کە پەیمانە شومەکەی جەزایری (١٩٧٥) لە گەل رژیمی گورکراوی شای خاینی دەرکراوی ئیران مورکردوە بو تاوتی کردنی شورشی گەلی کورد و جولانەوەی ئازادی خوازی ناوچەکە کەوتوتە بەکارهینانی سیاسەتی رەش بگیری و بە کومەل ئیعدام کردنی هاو وولاتیانی کوردستان ،و بە عەرەب کردن ،و بە بەعسی کردن ،وسوتاندنی مزگەوت و قورئان ،وکاول کردنی دیهات ،وتیک دانی کانیاو ،و باغ و بیستان ،و پی شیل کردنی گورستان و مەزارو شوینە پیروزە ئاینیەکان ،وراگوازتنی خەلکی کوردستان و ئاوارەکردنیان لە خاکی نیشتمانی باب و بلپیریان .کە ئیستا لە ئوردوگاکان دا بەبی ئیش و کار فری درا ـ وون بەبی ئەوەی کەمترین شیوەی ژیانی مروفیان بو مسوگەر کرابیت ،وە بو ئەنجام دانی ئەم نەخشە گلاوەیان ئەوە بو سی سال دەچیت شەری قەلاچوکردنیان دژی گەلی کورد بەرپاکردوە و بەشی هەرەزوری سوپای عیرا ـ قیان خزاندوتە کوردستان و بە شیوەیەکی درندانە بو کوشتن و برینی خەلکی بی تاوانی کورد و وویران کردن و گورینی روخساری کوردستان و توانەوەی نەتەوەی کورد بی شەرمانە بە کار دینن . وە بەوەش هەر رانەوە ـ ستاون کەوتونەتە گرتن و ئازاردان و ئیعدام کردنی بە کومەلی تیکوشەرە دیموکرات و پیشکەوتنخوازەکانی تری عیراق ،تەنانەت ئەو لایانەشی گرتوتەوە کە تاکو ئیستا لە گەلیاندا هاوپەیمانن لە (بەرەکەی خویاندا) . سە ـ رەرای هەلویستی پشتگیری کردن لە مانەوەی رژیمی شای ئیرانی دەرکراو ،وەستان دژی شورشی ئیران کە بە قارەمانترین شیوەی فیداکاری و گیان بازی جەماوەری گەلانی ئیرانی تیکوشەر بە یەکەم قوناغی سەرکە ـ

سەرکەوتن گەیشت و سەردەمی شۆمی و نەهاتی و کویلەیی و رەشەکوژی رژیمی پاشایەتی بوگەن کوتایی پی هینراو شای خاینی نوکەرو ژاندرمی ئیمپریالیزم دەربەریند را .لەم کاتەدا شورشە ساوایەکەی گەلانی ئیران لە هەل و مەرجیکی ناسکدایە و لەبەردەم تاقی کردنەوەیەکی گرنگدایە کە لە سەر هەموو تیکوشەران وئازادی خوازانی جیهان پیویستە پالپشتی لی بکەن.بۆ سەرکەوتنو ئەنجام دانی فرمانە شورشگیریەکانی ،وە لە ریشە هەلکیشانی پاشماوەی کونەپەرستیو نوکەرایەتی و دەسەلاتی فیودال ونفوزی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو دامەزراندنی دەولەتیکی کوماری دیموکراتی لە ئیراندا کە ئازادی ودیموکراتی ومافی چینە زەحمەتکیشەکانو چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی نەتەوە ژیردەستەکان مسوگەر بکریت .

ئەی پیشمەرگەی قارەمانەکانی کوردیلتان.

ئەی رولە تیکوشەرەکانی گەلی عیراق . رژیمی بەعدای خویناوی بە شەری دژی کوردستان و سیاسەتی توقاندن وئیرهابی بەرامبەر هیزە دیموکرات و پیشکەوتنخوازەکانی عیراق و هەلویستی دووژمنانەی لە شورشی ئیران کە رونترین و شورشگیرانەترین هەلویستی دەربریوە بەرامبەر بە شورشی گەلی فەلەستینی قارەمان و پیلانی (کامپ دیفید)و سازشی (کارتر-بیگن-سادات) ،بە جاریک ریسواو گوشەگیر بووە . کەلە هەمان کاتیشدا بەهیز بون و پەرەسەندنی شورشی کوردستان و فیداکاری و سەرکەوتنەکانی هیزی پیشمەرگەی قارەمان سەری لە کاربەدەستە رەفتار فاشستەکانی عیراقی شیواند وەو نەخشەو پیلانو حسابانەکانی لی تیکداون بە ئەندازەیەک کە پایەی رژیمەکەیان لەرزوکبوەو بەرەو نابوتی و هەرەسهینان دەچیت و روژ بە روژ گیروگرفتە سیاسیەئابوریە مەزهەبیەکانی ناو رژیم بەرەو ئالوزی و تەشەنەکردن دەچن و دوا روژی رەشی ئەو تاقمە خوسەپینەرە نزیکتر دەکەنەوەو ئاسوی سەرکەوتنی شورشەکەمان و خەباتی گەلی عیراق روناکتر دەبیت .

دەبا هیچ لایەکمان لە سالروژی شەهیدانی شورشی کوردستان پەیمان تازە بکەینەوە بو گەلەکەمان کە لە سەر ریبازی شەهیدەکانمان و لە پیناوی ئەو ئامانجە رەوایانەی کە گیانی خویان بو خەلات کرد وە ،کە بە یەکیەتی ریزو بەگیانی برایەتی و خونەویستی ، بەهیزترو بە تەوژمتر بەرامبەر بە دووژمن رابوەستین و بلیسەی ئاگری شورشە پیروزەکەمان خۆش بکەین و هەموو عیراق بگریتەوە و دروشمی ئوتونومی راستەقینە بو گەلی کورد لە عیراقیکی دیموکراتیدا سەر بخەین .

نەمری و سەروەری بو شەهیدانی ریگای رزگاری گەلەکەمان و هەموو شەهیدانی ریگای رزگاری و ئازادی .

بژی هیزی پیشمەرگەی کوردستان قەلغان و سوپیری مانەوەو پاراستنی نەتەوەکەمان وە بەدی هینەری مافی نەتەوایەتی و دیموکراتی گەلی کورد .

سەرکەوتو بی خەباتی ناوکویی گەلی عیراق بەرەو پیکهینانی بەرەیەکی نیشتمانی عیراقی راستەقینە بو هینانەکایەی حکومەتیکی دیموکراتی کە گەلی کورد تیدا بەتەواوی مافەکانی خوی بگات .

سەرکەوتن بو خەباتی گەلانی ئازادی خواز . مردن و سەرشوری بو دووژمنان و داگیرکەران .

بزوتنەوەی سوشیالیستی کوردستان

کومیتەی ئامادەکردن

۱۹۷۹/۳/۸